# ئافرەت لە شیعرەکوردییەکانی سافی هیرانیدا

ڕەوەند ساڵح حەسەن[1]

## پوختە

ئەدەب و بە تایبەتی ژانری شیعر پانتاییەکی فراوانە بۆ ڕەنگدانەوەی و ڕەنگرێژبوونی ڕوانین و مەعریفەی نووسەر بۆ هەر بابەتێک کە پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەبێت. بەگشتی لە مێژووی شیعردا بە شیعری کوردیشەوە، ئافرەت پێگە و پانتاییەکی بەرفراوانی لەناو دەقدا پڕ کردووەتەوە. کە لەوسەری کلاسیکەوە تا ئەمسەری شیعری هاوچەرخ، درێژ بووەتەوە. ئەم پێگەیە هەڵگری گوتاری شاعیرە کە دەرهاوێشتەی جۆری ڕوانینێتی بۆ ئافرەت. کەواتە شیعری کوردی بەتایبەتی شیعری کلاسیک یەکێکە لە کەرەستە گرنگەکانی توێژینەوە بۆ دەستخستنی هەندێ زانیاریی لەبارەی پێگەی ئافرەت لە دیدی شاعیرانەوە کە زۆرجار سەربە توێژی ناوەندە ئایینییەکان بوونە و نوێنەرایەتیی گوتاری ئایینیان کردووە. بۆ زانینی ئەم ڕوانینیە بە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانییەوە، هەم درێژەپێدەری ڕوانینی باوی نەریتی کۆمەڵگە بوونە و هەمیش لە ڕێرەوی ئەو نەریتە لایان داوە، بە ئاست و ڕێژەی جیاوازەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە ڕوانینی سافی هیرانی (١٨٧٣ – ١٩٤٢ز) کە یەکێکە لە شاعیرانی نەوەی سێیەمی قوتابخانەی بابان، بۆ ئافرەت بخەینە بەرباس. لەبەر ئەوەی قۆناغی ژیانی شاعیر دەکەوێتە سەردەمێکی گرنگی گۆڕانکاریی سیاسی و فەرهەنگی لە کوردستان و ناوچەکەدا و هاتنی شەپۆلی تازەی بیری ڕۆژئاوایی، بەتایبەتی پرسی پێوەندیدار بە ئافرەتەوە، وای کرد بەشێک لە شاعیرانی کورد پرسی ئافرەت بکەن بە یەکێک لە گوتار و تەوەرە سەرەکییەکانی شیعری خۆیان و

[1] قوتابی ماستەر، زانکۆی کوردستان، سنە.

بانگەشـــەی مـــاف و ئـــازادی و بـــۆ ئافرەتـــان بـــکەن لە بەشـــداریکردنیان لە چالاکییەکـانی ژیـان و ژیـاردا، لە سـەرووی هەموویـانەوە مـافی خوێنـدن بـۆ کچان. کەواتە ڕوانینی سافی هیرانی وەکوو شاعیرێکی دیار و کەسایەتییەکی ئایینی بە گیانێکی سۆفیانەوە لەو پرسـەدا گرنگە و ئافرەت لە شـیعری ئەودا چۆن ڕەنگی داوتەوە و بە بەراوورد بە شاعیرانی هـاوچەرخی خۆی خـاوەنی چی جۆرە گوتارێک بووە.

**کلیلەوشە:** شیعری کوردی، ئافرەت، هزری سۆفیگەری، سافی هیرانی.

## پێشەکی

لەو ئەدەبیاتەی بەگشـتی پیـاو نووسـیویەتییەوە و دایهێنـاوە بەتـایبەتی ژانری شیعر، ئافرەت وەک بـابەتێکی گرنگـی وجـوودی؛ بەشـێکی زۆری ئەو ئەدەبیـاتەی داگیرکـردووە. ئەم گرینگیـی پێدانە پێوەنـدی بە خـودی ژیـانەوە هەیە، چەشـە و هێـزی جـوانیی ئـافرەت و سـەرسـامیی پیـاو بـۆ ئەو جوانییە و هەروەها چێژی غەریزەی سێکسـی کە گرەنتـی مـانەوەی ڕەچەڵەکـی مـرۆڤە و پەلکێشـکردنی دەروونـی پیـاو بـۆ ئەم چێـژە و دواجار ڕوانینی پیاو بۆ ئافرەت وەکو لایەنی تەواوکەری لایەنـی ڕوحـی و سـایکۆلۆژی خـۆی (یـان یەکتـری)؛ هەر ئەم ئەنگێـزانەیە بە زمـان و شـــێوەی جیـــاوازتر لە شـــیعردا ڕەنگـــی داوەتەوە. ئـــافرەت بـــابەتێکە شاعیران لە هەموو سەردەمەکاندا پێوەی سەرقاڵن و لای ئەوان بووەتە هەوێنـی داهێنـانی شـیعری لیریکـی و غەزەلیـات و جـوانترکردنی هێـزی شـیعرییان. ئـافرەت بەشـێکی دانەبـڕاوی شـیعری شـاعیرانە لە هەمـوو کایەیەکی هزریدا بە سۆفیگەریشەوە.

لە ئەدەبیاتی سۆفیگەریی ئیسلامییەوە، میراتێکی گەورە ماوەتەوە. لەم میـراتە زۆر و زەبەنـدەدا کە کـۆی ئەزمـوون و جیهـانبینیی شـاعیرانی سۆفیگەرن لە گەلانی جیاوازی ناوچەکە، خاڵی نین لە جۆری ڕووانینی تـایبەت بـۆ ئـافرەت جـا ئەم ڕوانیـنە چـی بە ئەرێنـی بێـت یـان نەرێنـی.

شیعری سۆفیزیمی ئیسلامیی کوردیش کە لە هەناوی ئەم ئەدەبیاتەوە لەدایک بووە، درێژەپێدەری هەمان نەریتن ئەگەر لەسەر ئاستی تاک شاعیردا توانیبێتی بەشی خۆی جوداکاری و نوێگەری و داهێنان بکات. شاعیرانی سۆفیزم ئەگەر داهێنەری هیچ ڕەوت و شێوازێکی نوێ نەبن سەبارەت بە ئافرەت، بەڵام هەمیشە وەکوو سیمبوڵی یەزدانی تەماشای جوانیی ئافرەتیان کردووە. شاعیرانی سۆفیزم ئەو جوانییە عەینییەی لە ئافرەتدا دەیبینن بە زمانی خوازە بەکاری دەهێنن بۆ دەربڕینی جوانیی زەینیی خۆیان لە بواری ئەزموونە ڕوحی و سۆفیزمییەکەی خۆیان و لێرەوە بوون بە داهێنەری شێوازێکی زمانی خوازە لە شیعردا.

سافی هیرانیش وەکو شاعیرێکی سۆفی بێبەش نەبوو لە وەرگرتنی پشکی خۆی لەو میراتە زۆرەی ئەدەبیاتی سۆفیزم لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوەی وەکو خوێندەوارێکی ئایینی و شاعیرێکی سۆفی شارەزای زمانەکانی فارسی، عەرەبی و تورکی بووە کە میراتەکەی پێ نووسراوەتەوە. لەو پشکەش وەریگرتووە، بەپێی دنیابینی و ئەزموونی شاعیرانەی بەدوور نییە لە باسو خواسی ئافرەت، چی وەکو سیمبوڵ بۆ ئەوینی حەقیقی یان وەکو جوانی خودی ئافرەت. گەشتێک بەناو شیعری سافی هیرانی، لێوان لێومان دەکات لە عیشقێکی یەزدانی و جوانیی بێکۆتا کە دەبینین سەرەکیترین خەسڵەتەکانی ئەزموونی شاعیر لە ڕووی زمانەوە، پەنابردن و پەیبردنە بە جوانییەکانی ئافرەت. شاعیری خواناس و سۆفیگەر بە لەبەرچاوگرتنی تێڕوانینی سۆفیگەرییانەی پشتی نەکردۆتە پرس و بابەتی ئافرەت. بە وریاییەوە شیعرەکانی خۆی پێ دەوڵەمەندکردووە، ئێمەش لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا دەست دەبەین بۆ ئەم بابەتە و ورد و درشتی شیعرەکانی سافی لەم ڕووە دەدۆزینەوە، هەڵهێنجانی ئەم بابەتە لەناو شیعرەکانی سافی هەستیاری و بایەخێکی گرنگە تا بگەینە ئەنجامێک بۆ

دەرخستن و پیشاندانی جەوهەری بوونی ئافرەت لە دیدی شاعیرێکی سۆفیگەرەوە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

تێڕوانین بۆ ئافرەت لە دیدی شاعیرێکی سەربە تەریقەت و خواناس و سۆفیگەرەوە تا چەند بە بایەخ و گرنگە، بزانین ئافرەت چ واتا و بەهایەکی هەیە لای شاعیر.

سافی کە شاعیرێکی سۆفییە، لە لێکۆڵینەوەی شیعرەکانیدا توێژەران و نووسەران زیاتر ڕوودەکەنە بابەتە عیرفانییەکە، وەلێ ئافرەت لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا دەردەکەوێ جا بۆ مەبەستی عیشقی حەقیقی بێ یان مەجازی یان تەنها بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکانی و بەهێزکردنی بابەتی ڕەوانبێژی.

ئامانجی توێژینەوەکە:

تیشک خستنە سەر بابەت و تێڕوانینی ئافرەت لە شیعرەکانی سافی هیرانیدا و بەکاربردنی جوانییەکانی ئافرەت لە بازنەی خواناسی و سۆفیگەرییەوە، هەروەها پراکتیزەکردنی بابەتەکە لە هەمبەر چەندین لایەنی تیۆریی و کارکردن لەسەر کۆی شیعرەکانی شاعیر بەشێوەیەکی پراکتیکی ئامانجی ئەم توێژینەوەن.

سنووری توێژینەوەکە:

کارکردن لەسەر کۆی شیعرە کوردییەکانی سافی هیرانی لە نێو دیوانەکەیدا.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

جگە لە پوختە و پێشەکی لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، هەربەشێک لە چەند تەوەرێک پێکدێت.

بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردن وخستنەڕووی لایەنی تیۆریی هەماهەنگی بابەتەکە، کە ئەم تەوەرانە دەگرێتەوە: کورتە مێژوویەکی ئافرەت بەگشتی و ئافرەتی کورد بەتایبەتی، ئافرەت لە شیعری

شاعیرانی کلاسیک و لە شیعری شاعیرانی هاوسەردەمی سافی هیرانی دا.
بەشی دووەم جگە لەوەی کارکردنە بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر شیعرەکانی سافی و ئافرەت لە دیدی شاعیرەوە، کورتەباسێکیش لەسەر ئافرەت لە هزری سۆفیگەریدا خراوەتە ڕوو.

## ١-بەشی یەکەم

### ١-١-پوختەی پێگەی ئافرەت لە مێژوودا:

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، ئافرەت وەکوو ڕەگەزە مێینەکەی مرۆڤ؛ هاوبەش بووە لە هێڵی سەرەکیی ڕەوڕەوەی مێژووی مرۆڤایەتیدا. واتە هاوبەش بووە لە هەمان چارەنووس کە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتووە. تەنانەت سەردەمانێک خۆی خولقێنەری مێژوو بووە. بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی پرسی تایبەت بە مێژووی خۆیشی بووە کە لە زۆر ڕووەوە زۆر سەختتر بووە لە ئاراستە و چارەنووسی ڕەگەزی نێر. بەتایبەتی لەدوای ئەوەی کە ئیدی ئەم ڕەوڕەوەی مێژووە بەگشتی دەکەوێتە دەستی پیاو. زانایانی مێژوو لەسەر بنەمای بەڵگەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئارکیۆلۆژی، دوو سەردەمی دایکسالاری و باوکسالارییان لە کۆمەڵگەدا دیاری کردووە. یەکەمیان سەردەمی کۆمەڵگەی بەرایی بووە و ماوەیەکی کورتی خایاندووە و دووەمیان ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا بەردەوامە. دارشتنی نەریتی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای هەر یەک لەم دووە، پێوەندیی بە کارامەیی و داهێنانەوە هەبووە. لە سەردەمی دایکسالاریدا، ئەوەی پێگەی بە ئافرەت داوە، بە پلە یەک، دۆزینەوەی چاندنی گەنم و جۆ، داهێنانی ڕستنوچنین، پێکهێنانی خێزان و دەیان داهێنان و دۆزینەوەی

دیکە بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی ئافرەت بووە. لەو سەردەمەدا ژن دایکی ڕوحی هۆز بووە و سەرکردایەتیی کردوون، منداڵ هی ئەو بووە. (احمد،١٩٩٠: ١٦) لە نەریتی دایکسالاریی لە کایەی ئایینیشدا ڕەنگی دابووەوە کە خواوەندانی پەرستراو هەر لە ڕەگەزی مێ بوونە. بەڵام کاتێ کاری کشتوکاڵ و بازرگانی، گەشەیان کرد، پیاوان هاتنە مەیدان و دارایی پیاو بەرز بووە تا ئەو ئاستەی ئافرەتیشی کرد بە بەشێک لە سامانی خۆی. بە سەرهەڵدانی باوکسالاری، پیاوان بە بیانووی حاکمیەتی جۆرارجۆرەوە، باوەڕی کەمتوانایی ئافرەتانی سەپاندە نێو فەرهەنگی کۆمەڵگەوە. (بابایی،٢٠٠٥: ١٠) بەهاکانی کۆمەڵگەی باوکسالاریی دروست ئاوەژووبوونەوەی بەهاکانی کۆمەڵگەی دایکسالاریی بووە. بەدرێژایی مێژوو زۆر یاسا و ڕێسا بەسەر ژیانی ژنهێنانی بێ سنوور، بە کۆیلە و کەنیزەککردن و سەوداکردن پێوەی، پیرۆزکردنی پەردەی کچێنی و سزای قورس لەسەر لەدەستدانی، لێدان، بەکارهێنانی لە بازاڕی لەشفرۆشی و داڕشتنی ئیدیۆمی بەکەمزانین و بە سەدان نەریت و یاسای دیکە. بە پەرەسەندن و گەشەسەندنی شارستانێتی گەلان، لەلایەن پێشەنگ و بیرمەندانەوە، هەست بە زیان و خراپیی ئەم نەریتە خورافی و نادادپەروەرییانە کراون، بۆیە لەگەڵ هاتنە ئارای ڕێبازە داناییەکان و ئایینەکان و ڕەوتە ڕوحی و هزرییەکان، کە هەریەکەیان بەش بە حاڵی خۆیان دژی ئەو نەریتانە وەستاونەتەوە و هەوڵی چاکسازی لەپێناو دادپەروەری و یەکسانی گشتی و لاوەکیان داوە. یاسای دیکەیان داڕشتووە و لە هەندێ لایەنەوە توانیویانە پێگەی شایستەتر بە ئافرەت بدەن لە هەندێ لایەنەوە درێژەپێدەر و گەشەپێدەری نەریتەکانی پێشووی خۆیان بن. سەبارەت بە دوو سەردەمی دایکسالاری و باوکسالاریی، ئایین بۆچوونی

جیاوازی هەیە. بەپێچەوانەوە لە گێڕانەوەی ئایینیدا بەتایبەتی ئایینە ئیبراهیمییەکان، یەکەم مرۆڤ پیاو بووە و ئافرەتیش لەوەوە ئەفرێندراوە. بەهەرحاڵ هەوڵی گەیشتن بە دۆخێکی دادپەری و یەکسانی لە ماف و ئەرکدا درێژ دەبنەوە تا لە سەدەی بیستەمدا خودی ئافرەتان دێنە پێشەوە بۆ داواکردنی چەسپاندنی ماف و ئەرکەکانیان، وەکوو پەیدا بوونی ڕەوتی فیکری فێمینیستی. بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگەی باوکسالارییدا، ئەوە نییە کە ئافرەت هیچکات ڕۆڵی نەبووە. بەڵکو هەرکاتێک هەلی بۆ ڕەخسابێت توانای خۆی لە هەموو بوارەکاندا نواندووە. لە فەرمانڕواییدا، مێژوو سەدان شاژن بەسەر دەکاتەوە. نووسەر و زانای لێ هەڵکەوتووە. بۆ نموونە لە ئەدەبیاتدا کۆنترین شیعری تۆمارکراو، لەلایەن کچە شازادەیەکی سۆمەرییەوە نووسراوەتەوە. زۆر کەسایەتیی ئافرەت بوونەتە سیمبولی پیرۆزێتی، وەکو مەریەم دایکی عیسای پێغەمبەر.

**١-٢- پوختەی پێگەی ئافرەتی کورد لە مێژووی کوردستاندا:**

پێگەی ئافرەتی کورد لە کوردستاندا بە درێژایی مێژووی خۆی دیار بووە، بەڵام لانی کەم لە ماوەی ١٤ سەدەی ڕابردوودا؛ بەگشتی قاڵب و دەرهاوێشتەی ئەو پێگەیەیە کە ئایینی ئیسلام وەکو بیروباوەڕی زۆرینەی کورد وەکو بەها بۆی دیاری کردوون. وێڕای بوونی بەهای دیکە کە هەڵقوڵاوی نەریتی خێڵەکین. بەڵام کۆمەڵگەی کوردەواری خاڵی نەبووە لە بەها و نەریتی جیاواز بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە کە درێژکراوەی بەها و نەریتەکانی پێش ئایینی ئیسلام بوون. بەشێکی بەهاکان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دایکسالاری، کە لە کوردستانی دێرینیشدا باو بوونە. دەیان پەیکەری خواوەندانی ژن لە شوێنە

جیاوازەکانی کوردستان دۆزراونەتەوە. ئافرەت لە مێژووی کوردستاندا هاوشـێوەی مێـژووی گەلانـی دیـکە ئەگەر بـواری بـۆ ڕەخسـا بێـت، توانیـویەتی تواناکـانی خـۆی دەربخـات. ئەوە ڕوویـداوە کە بتوانێـت فەرمانڕەوایی بکات. وەکوو: شاخاتوونی بتلیسی و خانزادخانی سۆران. لەنێو هەندێ هـۆزدا ئافرەت کـورد شـان بە شـانی پیـاو دژی دوژمـن جەنگاوە، وەکو: خاتوو شاناز کچی مەولانا یەعقووبی ئەردەڵان و قەرە فاتم و قەدەم خێری لوڕستانی. توانیویەتی هەستی خۆی دەرببڕێت و شیعر بنووسێت وەکو جیهانئارای پاوەیی و پیرۆزەی حەسەن کەنۆش و دەیانی تر. توانیویەتی لە بوارە مەعریفییەکانی دیکە بنووسێت، وەکو مەستوورە خـانمی ئەردەڵان کە یەکەم ئـافرەتە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتـی ناوڕاستدا لە بواری مێژوو و شەریعەتدا بنووسێت. لە کتێبی (ئاباباز)ی ئیگزنەفۆن (٤٠١ پ.ز) هـاتووە کە بـاوکێکی کـورد لە پێنـاوی کچەکەیـدا گیـانی خـۆی بەخـت دەکـات. (پیربـاڵ،٢٠٢١: ١١). سـەرچاوەکانی زانیـاریی لەبارەی پێگەی ئـافرەت لە کوردسـتان، جگە لە مـانەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەها و نەریتانەی ئێستاش لە کۆمەڵگەی کوردەواریـدا بـاون، گەشـتنامەی گەڕیـدە بیانییەکـان و کتێـبە خۆماڵییەکـانن. شـەرەفخان لەبـارەی ژمـارەی ژنـان کە پیـاوانی کـورد دەیـانخوازن، دەڵێت: کـورد (پیـاوان) هەتـا چـوار ژن دێـنن، ئەگەر دەوڵەمەنـدیش بـن، چـوار کەنیزەکیشـی دەخەنە سـەر. (ژنـان) زۆر بە زەو و زوون و زوو زیـاد دەکەن. (بەدلیسی،٢٠٠٦: ٢٦) مەلا مەحمـوودی بایەزیـدی لەبـارەی ڕۆڵـی ئافرەت لە ئاشتەواییدا دەڵێت: لە شـەڕی نێوان کوردانـدا بە زۆری ژن یـان مەلا یـان شـێخ دەکەونە نێـوان هەردوولای نەیـارەوە و پێکیـان دێنـنەوە. لەبەر ئەوە گەلـی کـورد زۆر ڕێـز لە مەلا و شـێخ و ئـافرەت دەگرێت. (بایەزیدی، ٢٠٠٧: ٢٧) ئافرەتـانی کورد ئەگەرچی وەکو گەلانـی

هاوسێی لەسەر هەمان باوەڕی ئاییین، بەڵام وەکو گەڕیدەکان شایەتی دەدەن بە بەراوورد لەگەڵ ئافرەتانی موسوڵمانی گەلانی دیکەی وەکو عەرەب، فارس و تورک، ئافرەتانی کورد خاوەنی پێگە و ڕێزی تایبەتیتر بوونە. پیترۆ دیلا ڤالا دەڵێت: ژنەکانیان (کوردان) بەسەر و دەموچاوی کراوەوە هاتووچۆیان کردووە و لەگەڵ پیاوی ئاشنا و بێگانەدا بەشێوەیەکی ئازادانە گفتوگۆ دەکەن. ئافرەتانی کورد لەچاو ئافرەتانی تورک و عەرەب لە ماڵەوە کەمتر ڕووبەند دەبەستن. لەبەرچاوی بێگانەشدا ڕوو داناپۆشن. لە دەرەوە تەنها چینی دەسەڵاتداران ڕووبەند دەبەستن یان لە دۆخێکدا پێیان خۆش نەبێت بناسرێنەوە، ڕوو دادەپۆشن. (ئاغابەیگی،٢٠١٣: ١١٤).

جۆیس بلوو دەڵێت: ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا شوێن و پێگەی تایبەتی هەیە و لە هەڵبژاردنی مێرددا تەواو ئازادە. مێرد و برا و باوک و دایک بایەخێکی زۆری بۆ دادەنێن و جگە لە ئەندامانی بنەماڵە، پیاوانی دیەی نەتەوەکەش بە چاوی ڕێزەوە تەماشای دەکەن. (ئاغابەیگی،٢٠١٣: ١١٥) لوتکەی وەسفی ئافرەتانی کورد بەتایبەتی ئافرەتانی موسڵمان لە کتێبەکەی خاتوو (هێنی هەرۆڵد هەنسن) ئەندازیاری دانیمارکی لە سەدی دووکاندا هاتووە. ئەم خاتوونە لە ساڵی ١٩٥٧ دێتە کوردستان و چەند ناوچەیەکی کوردستان دەگەڕێت و یاداشتەکانی دەنووسێتەوە کە زیاتر بایەخدانە بە بواری ئافرەتان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا. هێنی لە وەسفەکەیدا دەڵێت: "لەناو موسوڵمانان ژنان بەقیمەتن، نازدارن، بە چاوێکی بەرز تەماشایان دەکرێ و دەپارێزرێن. ژنان پایەییێکی ئیمتیازیان هەیە، ئەو پایەیە کە ئێمە ژنانی سەربەخۆ و سەربەست کراوی ڕۆژاوا لە زووەکەوە لەبیرمان چووەتەوە." (هەنسن،١٩٨٠: ١٤٥) وێڕای هەموو ئەم وەسفانە ئافرەت لە

کۆمەڵگەی کوردیدا گیرۆدەی دەیان گرفتی کۆمەڵایەتی بوون چی وەکو حاڵەت یان دیاردە هەبوونە: وەکو لە لانکە بەشوودان، مارەبەجاش، لەبری خوێن، ژن بە ژن و زۆر ستەمی دیکە ڕەگیان لەناو قووڵایی نەزانیی نەریتی خێڵ و خورافە بوون. لەدوای قسەی پیاوان و غەیرە ئافرەتی کورد خۆی، لێرەدا گوێ لە خودی ئافرەتی کورد دەگرین بزانین لەبارەی ژیانی خۆیەوە چی دەڵێت؟ فۆلکلۆر بەتایبەتی شیعری فۆلکلۆر ئاوێنەیەکی بێگەردی وێنەدانەوەی ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەیە. لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا کە ئافرەت بێژەریتی، دەڵێت:

بەشان بەش کریا بەشی من کەم بوو
ئەو بەش کە داشی پەژارە و غەم بوو (سلیمی وکهریزی، ١٣٨٧: ١١)

یەکێک لە سیفەتە هەرە گرنگەکانی ئافرەتی کورد، کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە ئافرەتانی کورد ژیاندۆست بوونە. وێڕای دژواری ژیانیان بەهۆی کاروباری ڕۆژانەوە بەتایبەتی لە ژیانی گونددا، بەڵام بایەخی زۆریان بە لایەنی جوانکاری وەکو خاڵکوتین، جوانی و ڕازاوەیی جلوبەرگ و خشڵەمەنی و بایەخ بە ئاواز و گۆرانی وەکو لاواندنەوە و لایەلایە و هەڵپەرکێ و ئاهەنگی زەماوەند و زۆر بواری دیکەی ژیاندۆستی.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا پرسی ئافرەت بەشێکە لە ململانێی نێوان گوتاری ئایینی و مۆدێرنیزم گوتاری ئایینی هەوڵ دەدات دەست بە پێگەی ئافرەتەوە بگرێت لەو سۆنگەوەی کە بانگەشە دەکەن بۆ بوونی پێگەیەکی بەرز و ڕێزدارانە بۆ ئافرەت لەناو ئاییندا. ئەڵبەتە لەبەرانبەر ئەمەدا گوتاری مۆدێرنیزم بەشێک لەم گوتارە ئایینییە، دژ بە بەها مرۆییەکان دەزانێت و پێی وایە لە پێگەی ئافرەت دەدات. خودی

ئافرەتانی پێشەنگ و خاوەن قەڵەمیش بە ڕێژەی جیاواز سەربە ئەم دوو گوتارەن.

**١-٣- ئافرەت لە دیدی شاعیرانی کلاسیکی کوردییەوە:**

شیعری کوردی بەتایبەتی شیعری کلاسیک یەکێکە لە سەرچاوە مەعریفییەکانی خوێندنەوەی هزری کورد. شیعری کلاسیک کە پشکی هەرە زۆری لەلایەن پیاوەوە نووسراوەتەوە، ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی هزری پیاوی کوردە لەهەمبەر زۆر ڕەهەندی بوون و دیاردەکانەوە، کە یەکێک لەوانەش ئافرەتە وەکو ڕەگەزی مێ. جۆری بیرکردنەوەی پیاوی کورد لەبارەی ئافرەتەوە هەڵقووڵاوی هزری باو و زاڵی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، وەکو بەشێک لە جیهانبینی ئیسلامی بە هەموو ڕەوت و ڕێبازە جیاوازەکانییەوە؛ وێڕای تایبەتمەندییەکانی نەریتی کوردەواری خۆی. بۆیە لە ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوە لە شیعردا بەر هەردوو لایەنی بیرکردنەوەی ئەرێنی و نەرێنی لەبارەی ئافرەتەوە دەکەوین. تەنانەت هەندێ جار هەردوو لایەنەکە لای یەک شاعیر هەن. دکتۆر فەرهاد پیرباڵ لەبارەی ئافرەت لەناو ئەم ئەزموونە شیعرییەدا دەڵێت: "لای شاعیرانی کوردی سەدەکانی ڕابردوو، ئافرەت تەنها وەک سەرچاوەی خۆشەویستی و ئەوین و سۆز تەماشاکراوە. ئەم ڕووانینە کە لە مەلای جزیرییەوە تا دەگاتە لای بێسارانی و نالی و سالم و وەفایی، بریتیە لە دیدێکی ڕۆمانسیانەی ئەوتۆ کە ژیان و دنیا تەنیا لەنێو چاوی خۆشەویستەکەیدا دەبینێت و (ئەوینی دنیایی) ئەڵنەرناتیڤێکە بۆ هەموو مەرگەساتێکی لە دنیا هەیە... شاعیر لەو بوتەیە زیاتر لەو ئەوینە دنیاییە زیاتر هیچی دیکە نابینێت. ناوەڕۆکی ئەم دیدە شاعیرانەیەش لە فۆڕمێکی کلاسیکدا خۆی دەردەبڕێت کە پێی دەڵێن

(غەزەل). لە ناو ئەم غەزەلەشدا وەسفکردنی یار و هەڵگوتن بەسەر حەبیبە و سەلمادا پانتاییەکی هێند فراوانی لەناو هۆش و بیری شاعیری کلاسیکدا داگیرکردووە کە بواری نەهێشتووەتە بۆ بیرکردنەوە لە هیچ لایەنێکی دیکەی ژیانی ئافرەت و مافەکانی وەک مرۆڤێک." (پیربال،٢٠٢١:٥٨) لەم ئەزموونەدا هیچ بابەتی شیعریی دیکە بۆ ئافرەت لە ئارادا نییە، بۆ نموونە شیعر بۆ ئافرەت وەکو دایک، وەکو خوشک، بۆ هاوسەریش تەنها شیوەن نامە و لاواندنەوە هەیە نموونەی ئەم جۆرە بەرهەمە، چامە بەناوبانگەکەی مەولەوی بۆ عەنبەرخاتوونی هاوسەری و گڵکۆی تازەی لەیلی ئەحمەد بەگی کۆماسین. لەو ماوە ئەزموونییە تا سەرهەڵدانی شیعری تایبەت بە لایەنەکانی دیکەی ژیانی ئافرەت وەکو مافی ئازادیی لە کایەکانی ژیاندا، تەنها حاجی قادر دەست بۆ بابەتی دیکە دەبات. حاجی قادری کۆیی (١٨١٥-١٨٩٨ز) "سەرەڕای غەزەلەکانی خۆی لەهەمبەر جوانی و خۆشەویستی بۆ ئافرەت، بناغەیەک دادەنێت بۆ واقیی ڕوانینە ئافرەت بۆ ئەوەی خەڵکی کورد لەمەودوا تەنیا خۆشەویستی و جوانی لە ئافرەتی کورددا نەبینن، بەڵکو هەوڵبدەن وەک مرۆڤێک تەماشای بکەن و وەک مرۆڤێک مافی پەروەردە بوون و خوێندن و پێشکەوتنی بۆ بڕەخسێ" (پیربال،٢٠٢١:٥٠) حاجی قادر لە دێڕێکدا دەڵێت:

"باسی زوڵفی درێژ و چاوی بەخەو
نەبڕایەوە بووە تڕی خوسرەو" (کۆیی، ٢٧٠٧:١٩٧)

حاجی نایەوێ چیتر باس لە جوانییە ڕووکەشەکەی ئافرەتان بکرێ ئەمە شتێکە زۆر وتراوە بەڵکو کاتی ئەوەیە ئافرەت فێرە خوێندەواری بێت و بەدوای عیلما بگەڕێ. لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

"بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین "اطلبوا علمکم ولوبالصین"
نێر و مێ لەم حەدیسە فەری نییە گەر مەلا نەهیی فەرموو دینی نییە"
(کۆیی، ۲۷۰۷:١٦٥)

لەو ماوەیەی گۆڕانکاری فەرهەنگی و سیاسەت و ڕۆشنبیری نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد هەستیان بە بوونی ئەو کەلێنە کردووە سەبارەت بە بەرەوپێشچوونی ژن. پەنایان بردووەتە بەر ڕۆژنامەی (کوردستان)، "یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی کۆتایی سەدەی ڕابردوو چەند جارێک لەو شوێنانەیدا بە ناوی ئایینەوە کوردی بۆ خوێندن هانداوە و ئافرەت و پیاوی تێکەڵ کردووە" (ئەحمەد، ١٩٨١: ٧٨) وێڕای غەزەلیات، ئافرەت وەکو کارەکتەر لەنێو داستانەشیعرییەکان کە دیاترین نموونەیان (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانییە، لە دووتوێی ڕووداوەکان و گفتوگۆکانەوە هەندێ ڕوانینی جیاوازمان بۆ ڕوون دەکەنەوە. چونکە داستانەکە وێنەی گۆشەیەکی باری کۆمەڵایەتیی کوردەواری دەکێشێت. بەگشتی سەردەمی شیعری کلاسیکی کوردی سەردەمێکی گرینگە بۆ بەرجەستەبوونی ئافرەت لە دیدی شاعیرانەوە. شیعری کلاسیکی کوردی لە عیشق و ئەوین و جوانی ئافرەت دانەبڕاوە، پەیوەندی نێوان جوانیی ئافرەت و خەیاڵی شاعیرانی کورد پەیوەندییەکی تۆکمە و گرێدراوە. وێنەی ئافرەت پشکی گەورەی شیعری کلاسیکی بەرکەوتووە. دیوانەشیعری شاعیران بێبەش نین لە پێداهەڵگووتن بە ڕۆح و جەستە و ئەوین و جوانی ژن. شاعیران ژمارەیەک چەمک وەکو نازناو دەکەن بە ئایکۆن بۆ جوانیی ئافرەت وەکوو: یار، مەعشووق، هاودەم، هاوڕاز، دۆست، جانا، دڵبەر، خۆشەویست، شۆخ و...هتد. شاعیران لە دەروونی خۆیان و دیدی

خۆیانەوە ئاست و پێگەی ژنیان کێشاوە لە شیعرەکانیاندا هەم خولیا و حەزی عاشقانەیان بۆ ژن بۆتە هەوێنی داهێنانی جوانتر لە شیعرەکانیاندا. گەورە شاعیرانی وەکو باباتاهیری هەمەدانی و مەلای جزیری و نالی و سالم وکوردی و مەحوی و وەفایی و خانای قوبادی و مەولەوی...هتد، ژنیان لە سەدان وێنەی شیعری ناسکدا نواندووە، کە هەریەکەیان تابلۆیەکی بێوێنەیە، ئافرەت بۆتە هۆیەک بۆ گەیاندنی هەست و سۆزیان یان بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەندێشەی شاعیرانەیان، زێدەتر گرنگییان بە ڕوخسار و ڕواڵەتی دەرەوەی ئافرەت داوە، هێندەی وەسفی لەشولار و چاو و ئەبرۆ وزوڵف و ئەگریجەیان کردووە هێندە باسی گرنگیی پێگەی ئافرەت لە ڕەهەندی دیکەوە نەداوە. بەشێکی ئەم بایەخپێدانەش بە جوانییەکانی ژن زیاتر بۆ دەوڵەمەندکردن و ڕازاندنەوەی بابەتەکانی ڕەوانبێژی بووە. ئەڵبەتە لای شاعیرانی سۆفیزم بەتایبەتی ئەو ڕێبازانەی ئاوێزانی فەلسەفەن، دیدی قووڵ هەیە بۆ ناسینی ئافرەت.

**١-٤- ئافرەت لە دیدی شاعیرانی هاوسەردەمی سافی هیرانییەوە:**

هەروەکو شاعیرانی کلاسیک و شاعیرانی گەلانی دیکە لە باسی ئافرەت و جوانی و پێگەی ئافرەت دەستێکی باڵایان هەبووە، مێ بووەتە ئیلهامبەخشی هەستی شاعیرانە و جوانیناسانەیان، هەرچەندە سەرچاوەی ئەدەب لای ئێمە سەرچاوەیەکی ئاینییە، عیشق و عیرفان لە ئەدەبی کلاسیک دەچۆڕێ، وەلێ شیعری شاعیران بەدەرنەبووە لە باس و خولیای جوانی ئافرەت، هەر قۆناغێکی شیعر دونیایەکی تایبەتە لە شتی تازە و داهێنانی نوێ بە پێی گۆڕانکاری ئەو سەردەمە. سەردەمی سافی هیرانیش سەردەمێکی پڕ گۆڕانکاری و سیاسی و فەرهەنگی بووە بە تایبەت دوای شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی فەرەنسا ئەم

شەپۆلی گۆڕانکارییە هەموو وڵاتان بە گشتی و ناوچەی کوردستانیشی گرتەوە. ئافرەت بووە پرسێک لای شاعیران و نوسەران، بە پێی سەرچاوە ئەدەبییەکان شاعیران و نووسەران لەپاڵ پیاهەڵدانیان بۆ جوانییەکانی ژنان، هاندەرێک بوون بۆ بەشداریپێکردنی ژنان لە مەیدانەکانی خەبات و تێکۆشان هاوشانی پیاوان. شاعیرانی کورد زۆر کارامەییانە توانیویانە نەخشی دواکەوتوویی کۆمەڵگە بکێشن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، پێشکەوتنی کۆمەڵگەیان بەستۆتەوە بە خوێندەواری ژنانەوە. لەهەمبەر ئەم بابەتە چەند نموونەیەک لە شیعر و شاعیرانی هاوعەسری سافی هیرانی دەخەینە بەرباس.

کۆمەڵگەی کوردەواری لە سەردەمی سافیدا لە زۆر ڕووەوە سەردەمی گواستنەوە بووە. بەهۆی هاتنی شەپۆلی بنەمای بیرکردنەوەی جیاواز، بەتایبەتی سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی لەناو کورد و هوشیاربوونەوەی مێژوویی و ئاگاداریی لە ڕەوتی پێشکەوتنی گەلان، لەناو چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان بەتایبەتی منەوەرین کە زۆربەیان پێگەیشتووی قوتابخانەی ئیستانبوولن، وێڕای بانگەشە بۆ مافە نەتەوەییەکان و خوێندن و پێشکەوتن، بانگەشەی مافەکانی ئافرەتانیش بەشێک بوو لە گوتاری شێعرییان. ئەگەرچی پڕیشکی یەکەمی ئەم بانگەشەیە لای حاجی قادر دەرکەوتبوو، بەڵام لە بەرهەمی نەوەی دوای حاجی بەتەواوی بەرجەستە بوو. وەکو عەبدوڕەحیمی هەکاری، پیرەمێرد، شێخ نووری شێخ ساڵەح، موفتی پێنجوێنی، بێکەس و زۆر شاعیری دیکە. شاعیرانی سافی و شاعیرانی هاوسەردەمی کە دەکەونە دوای حاجی، دەبن بە سێ دەستەوە لەهەمبەر ڕووانینیان بۆ ئافرەت. دەستەی یەکەم: درێژەپێدەری هەمان بابەتی غەزەلیاتی میراتی چەند سەدەی پێشوو بوون. دەستەی دووەم: دەستیان لە ناوەڕۆکی

غەزەلیات و خەت و خاڵ هێناو ڕوویان کردە پرسە گرینگەکانی سەردەمی خۆیان، بەتایبەتی دۆزی نەتەوایەتی و بەدەستهێنانی زانست و پێشکەوتن و کرانەوە بە ڕووی جیهانی مۆدێرندا. لەم دەستەیە شاعیری ئەوتۆ هەبووە کە تەنانەت دەنگۆی سووتانی ئەزموونەکانی پێشوویان هەیە، وەکو ئەوەی لای ئەسیری ڕووی داوە. دەستەی سێیەم: هەم لەگەڵ غەزەلیات بووە و هەمیش پرسی ئافرەت لە دیدێکی تازەوە بەسەر دەکاتەوە. بەڵام چەند شاعیرێکی سەردەمی سافی هیرانی کە تێیاندا هەیە هاوڕێیشی بوونە، بە نموونەیەک لە شیعرەکانیان جۆری بیرکردنەوەیان لەبارەی ئافرەتەوە دەخەینە ڕوو. ئەم ناساندنە پوختەی دەستەیەک لە شاعیرانی هاوچەرخی سافی وەکو بەراووردکردنێک لەگەڵ سافیدا زیاتر جۆری بیرکردنەوەی شاعیرمان بۆ دەردەخات کە لە کام دەستە بووە.

**١-٤-١- پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠):**

بە پەند و ئامۆژگارییەکانی ناسراوە، ڕووناکبیرێکی خەمخۆری کورد بووە بۆ برەودان بە خوێندن و زانست و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە، داوای خویندن و ئازادی بۆ کچان دەکات لە زۆرێک لە شیعرەکانیدا ئەو هاندانە وەکو خۆر گەش و ڕوون دیارە.پیرەمێرد بەبێ ڕواڵەت و بێ پێچ و پەنا هەندێ شێوەی ژیان و باری کۆمەڵایەتی بە کوردییەکی ڕەوان دەربڕیوە هەستی ڕەزامەندی و خۆشنوودی بۆ کاری باش و پەستی خۆی بۆ دواکەوتوویی و نەخوێندەواری خەڵک دەربڕیوە. لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٤٨ی بەردەرکی سەرا بە دیمەنی بەشداری کچان و کوڕان زۆر کاریگەر دەبێ، بۆ ئەم یادە شیعری نەورۆز دەنووسێ لە دێرێکدا دەڵێت:

"تا ئێستا ڕووینەداوە لە تەئریخی میللەتا

قەڵخانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا" (پیرەمێرد، ١٠٩:٢٠٠٧)
یان دەڵێت: "ئێمە کە دەستەی کچین
هەموو بۆ مەکتەب ئەچین" (پیرەمێرد، ٣٣١:٢٠٠٧)
"هەر کچانی خوێندەوارە میللەتی پێ سەرکەوێ
تەربییەی مناڵ هیوایە پێشڕەویمان بەرکەوێ
ڕۆژهەڵاتیش ڕۆژی هەڵدێ خوێندنی کچ هاتە ناو
جەهلە تاریکەشەوی کورد خوێندنیش تیشکی هەتاو" (پیرەمێرد، ٢٠٠٥: ٧٧)

**١-٤-٢- ناری (١٨٧٤-١٩٤٣):**

هاوتەمەن و هاوڕۆژگاری سافی بووە لەگەڵ ئەوەی هیچ شیعرێکی نییە بۆ هاندان و مافی ئافرەتان بەڵکو بە چاوێکی کۆنەپەرستی و کەم و باری قورسی پیاوان سەیری ژن دەکا.

"خەمی پشتی بەنی ئادەم بەباری ژن نەبوو چی بوو؟
ئەساسی غوربەتی ئادەم، بەباری ژن نەبوو چی بوو؟" (ناری، ١٣٨٣: ٩٧)
"قەزا ڕۆژێ شکستیدا بە مەردان
کە بەیداغی جیهانگیری بە"مێ" دا" (ناری، ١٣٨٣: ٣٦)

**١-٤-٣- زێوەر (١٨٧٥-١٩٤٨):**

هاوتەمەن و هاوعەسری سافی هیرانییە، بەدەر لەغەزەلیات وشیعری نیشتمانپەروەری و خواناسی و دڵداری خاوەنی شیعرێکی زۆرە سەبارەت بە خوێندن و عیلم ومەکتەب، پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵگە لەعیلم وخوێندندا دەبینێتەوە.

"کوردێکم دەوێ هەموو برابن
هیچ فەرقی نەکا نە داک و نە باب" (زێوەر، ٢٠٠٨: ١١٥)
"بۆ کرداری جوان بۆ عیلم و ئەدەب

منالّی خۆتان بنێرنە مەکتەب
منالّتان ئەگەر کچ بێ یاخود کوڕ
بە خوێندن ئەبێ بە دانایی دوڕ" (زێوەر، ۲۰۰۸: ۲٤۳)
"قیمەت و قەدری کچان شەرم و حەیا و ئەدەبە
ڕێی ئەدەب عیلمە منیش شەفتەی عیرفانم" (زێوەر، ۲۰۰۸: ۲٤۰)

**۱-٤-٤-بێخود (۱۸۷۹-۱۹۵۵):**

هاوڕێیەکی نزیکی سافی هیرانی بووە. بەدەر لە غەزەلیاتەکانی لە چەند شوێنێکدا ئاماژەی بە یەکسانی ژن و پیاو کردووە و لە دێڕێکدا دەڵێت:

"سەندت لە دەسم خودا هەرچی موڵکی منە
دات بەو تەرەسەی کەوا نە پیاوە نە ژنە" (بێخود، ۱۳۸٥: ۱٥۹)

ڕوون و ئاشکرایە کە بێخود پیاو و ژنی لە یەک ئاستدا بینیوە و وەکو یەک تەماشای کردوون. هەروەها لە شیعری(دلاوەران) کە دوێتێکە لە نێوان باوک و دایک وکوڕ و کچەکان سەبارەت بە کۆڕی خەبات و مەیدانی جەنگ، دایک و کچیش شانبەشانی باوک و برا ئامادەی جەنگن. دایکەکە دەڵێت:

"یاران و ڕەفیقان و دلێر و یەلی کوردان
شەڕ جەژنی هەموومانە بڕۆین بۆ سەفی مەیدان" (بێخود،۱۳۸٥:۱٤۷)

**۱-٤-٥- موفتی پێنجوێنی (۱۸۸۱-۱۹٥۲):**

شاعیری هاوعەسری سافی هیرانی دەنگ و شوهرەتێکی جیاوازی هەیە لەناو مێژووی ئەدەبی کوردی. خاوەنی چەندین هۆنراوەی نیشتمانی و ڕێنمایی کۆمەڵایەتییە. بە ڕەچەشکێنی ناو شاعیران و

پیاوان دەژمێرڕێ لەو ڕۆژگارەی خۆیدا، یەکێک بووە لەو شاعیرانەی لەپاڵ هاندانی کچان بۆ خوێنگە خۆی یەکەم کەس بووە کچەکەی خۆی خستووەتە بەرخوێندن. شکۆی کچ لە خوێندن و خوێندەواریدا دەبینێ.

"سوپاسی خوا ئەکەین و شوکری عیززەت
کچی پێنجوینی گەییە عیززەت
کەوابوو خوێندن بۆ پیاو و بۆ ژن
ئەبێتە سوپەر ڕووبەڕووی دوژمن" (پێنجوێنی، ٢٠١٨: ١١٥)
"کچ و کوڕ هەردوو بەشداری ژینن
هەردوو نەمامی ڕووی سەرزەمینن" (پێنجوێنی، ٢٠١٨: ٩٨)

**١-٤-٦-خادیم (١٨٩٥-١٩٥٣):**

ئەم شاعیرە هاوڕێیەکی نزیکی سافی هیرانی بووە، خادیم وەک شاعیرێکی ئەو دەورە جگە لە غەزەلە بەپێزەکانی لە چەند شوێندا داوای حقوق و مافەکانی ژن دەکات، لە پەخشانەکەیدا دەڵێت: "لازمە بۆ بەنی ئادەم محافەزە و ڕیعایەت ودیانەت و مەبدەئی ئیسلامی و حقوقی بەشەر وئەدەب لە مافەوقی خۆی بکا، حەق وایە ئینسان خوێندەوارتربێ،ڕیعایەت زیاتر بکا، هەتا دەڵێت: ژنیش لەگەڵ پیاو لەحقوقی ژیانی بەشەری فەرقی نییە" (خادیم، ١٩٨١: ١٦١ – ١٦٢) دواتر لە بەشێکی زۆری پەخشانەکە باسی کلتوری کۆنی کوردەواری دەکا لەسەر بەزۆر بەشوودانی کچان.

هەروەها شاعیرانی وەکو حەمدی و فایەق بێکەس و ئەحمەد موختار جاف و شێخ نوری و ئەسیری کە هاوعەسری سافی هیرانی بوون لەپاڵ شیعری خواناسی و نیشتمانی و دڵداری لایان لە مافەکانی کچان کردۆتەوە و هانیان داون بۆ خوێندن و پێشکەوتن. دیوانەکانی ئەم

شاعیرانەش بێبەش نین لە بابەتی هاندانی کچان بۆ هاتنە کۆڕی خەبات و مەیدانی عیلم و ئەدەب.

**٢-بەشی دووەم**

**٢-١- ئافرەت لە هزری سۆفیگەریدا:**

تا ئاستێک لە دەق و میراتی هەموو ئایینەکاندا هەردوو تێڕوانینی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەبارەی ئافرەتەوە بەرچاودەکەون. جا ئەو دەقانە ڕەسەنن یان لە سەردەمانی دواتر خراونەتە سەر و ساختەن، ئەوە بابەتێکی دیکەیە. دەکرێت بڵێین لە میرات و توراسی ئایینی ئیسلامیشدا ئەمە هەیە. بۆ نموونە بانگەشەی ئەوەی کە ئافرەت کەمئاوەز و کەمباوەڕە. بەڵام هەر لە میراتی ئیسلامیدا بەتایبەتی لە بنەماکانی عیرفانی ئیسلامیدا، بانگەشەی یەکسانی بۆ جەوهەری مرۆڤ (ژن و پیاو) بەرانبەر پرسە ئیلاهییەکان دەکەن. ئەگەرچی لە توراسی عیرافیشدا تێڕوانین و وتەی ئەوتۆ خزاونەتە نێو تێکستەکانیان کە تێڕوانینی نەرێیانەیە بۆ ئافرەت و دیسانەوە ئەمە بە ساختە دادەنرێن. نموونەی شاعیرانی سەر بە سۆفیزم لە ئەدەبی فارسیدا کە تیڕوانینی نەرێنییان لەبارەی ئافرەتەوە هەیە و کەوتوونەتە ناو بەرهەمی شیعریان: سەنایی، عەتار و جامی و دەیانی تر هەن و نموونەی شاعیری کوردیش دەتوانین ئاماژە بە مەحوی بکەین.

بەگشتی لە ڕێبازی سۆفیگەری و لە ڕوحی سۆفیگەرەکاندا وێنەی ئافرەت جۆرێکی ترە. لە هزری سۆفیگەریدا ناخ گرنگترە لە ڕووکەش، مرۆڤ چ پیاو بێ چ ژن هەردوو ڕەگەزەکە باڵان لە پایە و مەقامدا جیاوازییان نەکراوە. بەلای سۆفیگەرەکانەوە پەروەردەکردنی ناخ و دەروون گرنگترە بۆ باشترکردن و زیاتر پەیڕەوی ئەرکە ئاینییەکان.

"ئیـبن عەرەبـی" کە بە "شـێخی ئەکـبەر" ناسـراوە خـاوەنی چەنـدین بۆچـوونە لە جیهـانی سـۆفیگەری وعیرفـانی ئیسـلامی، یەکـێکە لەو کەسـانەی لەبـارەی عەقڵەوە پێیـوایە ئـافرەت و پیـاو لەیەک ئاسـت و پێگەی عەقڵدان، چونکە عەقڵ شوێنکەوتەی دەروون و ناوەڕۆکە کەواتە هەردووکیـان لە ناخـدا یەکسـانن." (براضـة، ٢٠٠٨: ٤٥) گرنگیـدانی سۆفییەکان بە ڕوح و ناخی مرۆڤ لە عیشقەوە سەرچاوەی گرتووە، پێیان وایە ڕوح هەڵقەڵێنەری عیشقە، سەرچاوەی ڕازونیازی پەنهانی و حەقیقەتی عیشق ڕوحە. بۆیە ڕەگەزی مێ بە ڕوحی عاشق دەبینن. "عەبـدولڕەحمان سـولەمی (٤١٢ کـۆچی مـردووە) لە کتێبی(طبقـات الصوفیە)دا ناوی زۆرێک لە ئافرەتانی سۆفی بردووە، ناودارترینیان (رابیعەی عەدەوی)یە کە بنەمایەکی دانا بە ناوی "خۆشەویستی خودا"، خـاوەنی ژمـارەیەک دەربـڕین و شـیعرە بە نەمـری مـاونەتەوە. ئەمە سەلمێنەری بەشێک لەو ڕاستییە کە سۆفییەکان باوەڕیان بە یەکسانی تەواوی ئافرەت و پیاو هەیە" (سەیدئەمین، ٢٠٢٠: ٤-٥). رابیعەی عەدەوی بە سـەرقافڵەی خۆشەویستی خودا دادەنرێ لە سۆفیگەریی ئیسـلامدا سوارچاکی ئەو مەیدانە بووە، دەڵێت: "پێغەمبەرم لە خەون دیت و لێمی پرسی رابیعە منت خۆشدەوێ؟ گوتم ئەی پێغەبەری خودا کێ هەیە تۆی خۆشنەوێ؟ بەڵام خۆشەویستی خودا وا دڵمی پێکاوە کە شوێنی قین و خۆشەویستی کەسی تری تێدا نابێتەوە" (شوان،٢٠٠١:٢٩) لە هزر ودیدی سۆفیگەریدا ئافرەت پاکترین بوونەوەرە کە خودا تێیدا تەجەلی دەکات، ئافرەت وەک بوونێکی ڕوحی دەبینن نەک جەستە. لە ئەدەبیاتی بابەتی ئافرەت جێگەی بایەخە، ئیبن عەرەبی و مەولانای ڕۆمی و ئیبن عەرەبـی لە گرنگترینـی ئەوانەن کە ئامـاژە و بۆچوونەکانیـان جـێگەی بایەخی لێکۆڵەران و شوێنکەوتووانیان بووە.

وەکو ئاماژەمان پێدا لەگەڵ ئەوەی کە ژن لە لای سۆفییەکان پێگەیەکی بەرزی هەیە، "بەڵام لە میراتیی شیعریی سۆفییەکاندا بابەتی سەرزەنشتکارانەی ئافرەت هەیە. ئەم ڕوانگە نەرێنییە بۆ ئافرەت هۆکاری دەرەکیی هەیە و هەڵقووڵاوی هەناوی سۆفیزم نین. ئەم سەرزەنشتانە لەسەر بنەمای فەرهەنگی سەردەم و وتەی عادەت وەرگیراون. ئەوەی لەگەڵ دیدگای عیرفانی سازگارە ئەوەیە کە ئافرەت و پیاو بۆ گەیشتن بە پلەی بالای ئیلاهیی، یەکسانن". (مطلق و شربتی،١٣٩٠: ٥٤)

## ٢-٢ سافی هیرانی

سافی لە ڕیزی شاعیرانی سۆفیزم بووە. هەوڵیداوە هەم لە ژیان و هەم لە شیعرەکانیشیدا گوتارێکی بارگاوی بە گیان و هزرێکی سۆفیانە و عاریفانە جێگیر بکات، تەسەوف و ئەدەبیاتی بەیەکەوە گرێداوە، لە سەر هەمان ڕێبازی جزیری و مەولەوی و مەحوی ڕۆیشتووە. "عیشقی ئیلاهی کە کرۆکی تەسەوفە لای سافی هیرانی بە جۆرێک بووە کە هەموو گیانی تەنیوە. لە تەمەنی(٣٠)ساڵیدا کە کاک عەوڵای باوکی کۆچی دوایی کردووە هەر لەوکاتەوە بۆتە جێنشین و خراوەتە نێو قۆناغێکی نوێ لەژیانیدا بۆ تەواوکردنی زنجیرەی تەریقەتی قادری. لەگەڵ وەرگرتنی نازناوی (کاک) و دانیشتنی لە جێگەی (سانی)ی باوکی، عالەمی(مادی) وەلا ناوە و بەرەو عالەمی (مەعنەوی) ڕۆیشتووە". (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٠)

وەکوو لە بەشی پێشوودا باسی لێوە کرا کە (ئافرەت) لەنێو میراتی هزری سۆفیزمدا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە لێرەدا دەمانەوێت بزانین لای سافی وەکو شاعیرێکی سۆفیزم، چی لەو میراتەی بەرکەوتووە و وێنای ئەو بۆ ئافرەت چۆنە. بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو

هەندێک بیروڕای جیاواز لەبارەی شیعری عاشقانەی سافی وتراون. بۆرەکەیی لە (مێژووی وێژەی کوردی)دا دەڵێ: "سافی یەکێکە لە هۆنەرانی هەرە بەرزی سەردەمی خۆی، وەکو ئەڵێن هەر لە تافی جوانییەوە خەریکی هۆنینەوەی هۆنراوە بووە، لەودەمەی شۆڕی ئەوینی گوڵەندامان و پەری پەیکەران ئەویان وەکو بولبولێکی سەوداسەر خستووتە جریوە و ناڵەناڵ، بەناچاری کەوتووەتە ناو دەریای دڵداری وخۆشەویستییەوە، هۆنراوە تەڕ و ناودارەکانی گرنگترین بەڵگەن" (بۆرەکەیی، ٦٣٧:١٣٧٥) هەروەها خەزنەدار کە ئەویش مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیوەتەوە، لەبارەی ناوەڕۆک و بوونی دڵبەرێک لە شیعرەکانی سافیدا دەڵێ: "شیعری سافی لەڕووی ناوەرۆکەوە دڵداری و وەسف چوونەتە ناویەکترییەوە، هەندێ جاریش بەتەنها دەکەونە ڕوو. شاعیر دڵبەرێکی دیاریکراوی نییە هەردوو سیفەتی ژن و پیاو لە دڵدارییەکەیدا بەرچاوە، سافی هەوڵدەدات خۆشەویستەکەی بخاتە ناو گێتی سۆفیزمەوە، بەڵام نەچۆتە ناو ناخی چوارچێوەی سۆفیزم و داهێنانێکی نییە، وەکو شێوازی سیمبۆلییانەی جەلالەدینی ڕۆمی ومەلای جزیری و مەحوی. بەڵکو لە وەسف و پێناسین و لێکدانەوەو بەکارهێنانی زاراوەی سۆفیزم سەرکەوتووە" (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٣٤١)

لەسەر بنەمای دیوانی شاعیر، سافی یەکێکە لە ڕیزی پێشەوەی سۆفیانی جوانیدۆست، وەکو هێڵێکی تەریب ئایین و خۆشەویستی پێکەوە گرێداوە. ئەگەرچی لە هەندێ بەیت لەناو غەزەلەکانیدا وا بەدەردەکەوێ کە بە هەردوو لایەنی ئایینی و دڵداری مانا بکرێت. هەرچۆن بێ سافی دنیایەکی شیعری ئاوێتەی دروستکردووە لە ئایین و

ئەویندارى ئەندازیارانە باڵەخانەی دەقی بونیادناوە. کەرەستەی ئەم ئەندازیارییە بە پلە یەک جوانیی ئافرەتە.

## ٣-٢ عیشقی حەقیقی و عیشقی مەجازی لە شیعرەکانی سافی هیرانیدا

سافی لەگەڵ خزانە نێو دنیای سۆفیگەری و پەیوەستبوون بە تەریقەتی قادری بۆتە شاگردێکی بێپەروای ئەو تەریقەتە، شاعیری خاوەن تەریقەتدار دەبێ خۆی ئامادە بکات بۆ دوورکەوتنەوە لە هەوا و هەوەسی دنیایی، خۆ بەکەمزانین و خۆ دوورخستنەوە لە کاری دنیایی پێناسە و ڕێچکەی ئەو تەریقەتەیە. دەبێ خۆی ڕزگار بکات لە سنوورەکانی ئەم جیهانەی بەسەریدا زاڵبووە و دڵ و دەروونی پاکبکاتەوە لە پیسی خەوشی دنیایی، هەتا بە خۆشەویستە حەقیقییەکەی بگات. عیشق چەمک و بابەتێکی باوە لای شاعیرانی سۆفیگەر و لای سافی هیرانیش، ئەو عیشقەی لە شیعرەکانی سافیدا هەیە دەیەوێ بگاتە پلەی شادبوون بگات بە جەمالی پاکی (پێغەمبەر) و ڕەزامەندی خودا بەدەست بهێنێت، ئەو عیشقەی لە شیعرەکانی سافیدا دیارە بۆ چێژێکی کاتی نییە لە ڕێی ئەو عیشقەوە دەیەوێ بگاتە پلەیەک خودا ببێتە سەنتەری، سافیش هەروەکو شاعیرانی تری عیرفانی لە سەنتەری خۆی تێپەڕیوە، خۆی لا مەبەست نەبووە ویستویەتی خەیاڵ و ڕوح و چێژی هونەری خۆی بۆ بابەتە عیرفانییەکە تەرخان بکات. لەناو شیعرەکانی سافیدا کۆمەڵێک زاراوە هەن ئاماژەن بۆ عیشقی حەقیقی کە مەبەست لە (خودا و پێغەمبەر و شێخ عەبدولقادری گەیلانی)ن، وەکو(جیلوە، تجلا، خفاو، جلاو، رند، خرقە، عهد، الست، شاە، عیشق، قطب، ابدال، باز، یار، یاوەر، معرفەالله، وجود. اثبات و نفی، مدهوش، جذبە، بەصیرەت، ئاوێنە، اختیار،....هتد). بەدەر لەم زاراوانە، کۆمەڵێ دەستەواژەی بۆ بەردەنگی عاشقانە بەکارهێناوە وەکو (عیشق، یار، همراز، دۆست، جان،

جانــا، دڵــبەر، لەیــلا، شــۆخ، نــازدار، گوڵ...هتــد) بەپێــی لێکــدانەوەی شیعرەکان و ئاماژە عیرفانیەکان بۆمان دەردەکەوێ کە مەبەست لەکام عیشقەیە. وەلێ ئەگەر غەزەلەکە خاڵی بوو لە ئاماژە عیرفانییەکان ئەوا دەتــوانین شــیعرەکە ببەیــنەوە ســەر عیشــقی مەجــازی. ئەم عیشــقە پەیوەندییەکی ئەویندارى و سۆزدارى دنیاییە، عیشقە بەرانبەر ڕەگەزی مێینە ئەم لایەنەش لە شیعری سافیدا بە زەقی دیارە، خەزنەدار دەڵێت: "شیعری سافی لەڕووی ناوەرۆکەوە دڵداری و وەسف چوونەتە ناو یەکتــرییەوە، هەنــدێ جــاریش بە تەنیــا دەکەونە ڕوو، شــاعیر دڵــبەر و یارێکی دیاریکراوی نییە هەردوو سیفەتی ژن و پیاو لە دڵدارییەکەیدا بەرچــاوە، ســافی هەوڵــدەدات خۆشەویســتەکەی بخــاتە نــاو گێتــی سۆفیزمەوە" (خەزنەدار، ٢٠٠٥: ٣٤١) سافی هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە بە شاعیری سۆفیگەر بژمێردرێ بۆیە ئەو تێکەڵییە لە عیشقی حەقیقی و عیشــقی مەجــازی لە شــیعرەکانیدا دەبینــرێ. ســەرچاوەکانی ئەم دوو جۆرە عیشقە لەچەند ئاماژە و پرەنسیبێکەوە ڕچە دەگرێ لێرەوە بەرەو ئەو ڕچەیە دەچــین کە عیشــقی حەقیقــی و مەجــازی دروســتکردوو، هەروەها ئەوەی کە لەبەرچاوە بۆ دەرخستنی پرسی ئافرەت تەنها و تەنهــا بەکارهێنــان و نــاوبردنی جــوانی ئەنــدامەکانی جەســتەی ئــافرەتە جارێک بۆ عیشقی حەقیقی و جارێک بۆ عیشقی مەجازی.

**٢-٤-جوانیی ئافرەت وەک سیمبولی عیرفانی و وەک خودی ئافرەت**

یەکێــک لە تایبەتمەنــدییە ســەرەکییەکانی شــیعری ســافی ئامــاژە و هێماگەرییە. شاعیر پەنای بردووە بۆ ئەو زاراوە و وشە تایبەتانەی کە مانا و دەلالەتی قوڵیان هەیە. بە بێ زانیاری و تێگەیشتن لێکدانەوەیان ئەستەمە. سافیش وەک هەر شاعیرێکی عارف و سۆفی نهێنی پارێزە وشــەکانی وەکو دڵــی هەڵگری ڕاز و نیازی قــوڵە ئەگەر ئامــاژەیەکی

ڕوون و ئاشکرا هەبێ دیارە لە حاڵەتی مەستیدابووە و نەیتوانیوە بەسەر ڕازەکانیدا زاڵ بێ. ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت لەناو شیعری کلاسیک و شاعیرانی عیرفانیشدا ڕەمزی ئیستاتیکا و جوانی بەخشی شیعرەکانیانە، سافی لە شیعرەکانیدا جەمسەرێکی دوو فاقەیی لەبەر دیدەمان دەکاتەوە یان جەمسەری عیرفانییە یان جوانی خودی ئافرەتە. ناوهێنانی ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت تەنها بۆ وەسف و پیاهەڵدان نییە بەڵکو لەو زاراوانە وێنە و داهێنانی شیعری دروست دەکات یان حیکمەتێکی لێوە وەردەگرێ یان تەنها لاساییەکی کلاسیکییانەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی لایەنی ڕەوانبێژی جیا لەمانەش یان بۆ عیشقی ئافرەتێکە شاعیر نایەوێ ناوی ببات. نرخ و بەهای جوانییەکانی ڕەگەزی مێ هێندە گەورەیە لای شاعیر بۆ وەسفی ئیلاهی و پێغەمبەر (د.خ) و شێخی گەیلانی بەکارهێناوە.

ئەو ئەندامانەی جەستەی ژن کەشاعیر چەندین جار ناوی بردوون (قەد و باڵا، چاو، خاڵ، لێو و زار، ئەبرۆ و موژگان، زوڵف و ئەگریجە، سینە، پەنجە و دەستی حەنایی)

**٢-٤-١-قەد و باڵا و قامەت:**

سافی لە کۆی دیوانە شیعرییەکەی (٩) جار وشەی (قەد و باڵا یان قامەت)ی بەکارهێناوە هەم بۆ دنیا سۆفیگەرییەکەی و هەم بۆ عیشقە مەجازییەکەی. لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا (قەد و باڵا) ڕەمزە بۆ پیتی (ئەلف) یان ژمارە (یەک) کە ئاماژەیە بۆ (الله) یان بۆ تاک وتەنها کە مەبەست لە خودای تاک و تەنهایە. دەربارەی دێڕە شیعرێکی مەلای جزیری، کامەران مشەختی دەڵێت:"ئەلیف جگە لەوەی کە دەلالەت دەکاتە سەر بەژنی بەرز و ڕێکی کچان، هەندێ دەلالەتی پیرۆزی هەیە بۆ بەرزڕاگرتنی پیتی ئەلیف وەک ئەوەی پیتی یەکەمی ئەلفبایە،

هەروەها هێمایەکە بۆ زاتی خوای گەورە"(ئیبراهیم مشەختی، ٢٠١١: ١٧٦) وەک جوانییەکی بەرچاو شوبهێنراوە به دارچنار و سەرو و درەختی بالا بەرز یان وەک نەونەمامی تازە پێگەیشتوو. "قەدی سەروو مەبەست لە قەدی ڕێک و بەرزە، قەدی ئەلف مەبەست لە ڕێکی وەکو ڕێک وەستانی پیتی ئەلف" (نووری عارف، ٢٠٠٩: ٧٠٨) بۆیە ژمارە یەک و پیتی ئەلیف و قەد و قامەتی دار و یار لە شیعردا دەکرێن هەموو ئاماژەی عیرفانی بن و مەبەست لێی خودایە یان هەر سیمبوڵێکی عیرفانیی دیکە.

**٢-٤-١-١- قەد و باڵا وەکو سیمبولی عیرفانی:**

بە قامەت خەرامان بە ڕووو ماهی تابان
فیدای تۆم گەدای تۆم عەزیزم (هیرانی، ٢٠١٥: ٢١٥)

ئەگەر بە تەنها ئەم دێڕە بخوێنینەوە وێنەیەکی ڕەگەزی مێ دێتە پێش چاومان، بەڵام تەواوی شیعرەکە ئاماژەی عیرفانییە. ئەم ڕامان و پیاهەڵدانە بە قامەت و باڵای یارەکەی کە قامەتی بە لەنجەولارە و ڕووی وەک ماهی تابانە شاعیر ئامادەیە کە خۆی فیدا بکات، ئەو یارەش شێخی گەیلانییە.

قەدی شەنگ و شۆخ ئەگەر بێ سەروی بوستانی توە
باغی سێو و خۆخ ئەگەر بێ نەوگوڵستانی توە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٧٢)

لەم بەیتەدا قەدی شۆخ و شەنگی یاری وەکو باخێکی پڕ سەمەر و نەوگوڵسانێک شوبهاندووە بەڵام لە دێڕی دواتری ئەم غەزەلە دەردەکەوێ هەموو ئاماژەکان بۆ پێغەمبەر محمدە (د.خ) کە دەڵێ: وا کە مەولا وەسفی تۆی کردووە بە(لولا) ڕوحەکەم
عالەم و ئادەم چ یارای ثەناخوانی توە

تەواوی غەزەلەکە پیاهەڵدان و وەسف و ستایشی پێغەمبەری خودایە (لولا) ئیشارەتە بۆ حەدیسی (لولاک لولاک لما خلقت الافلاک).

**٢-٤-١-٢ قەد و باڵا وەک خودی ئافرەت:**

لە حاڵی نەوجەوانیدا جوانی تۆم موسەللەم بوو
لەمەولا چۆن بە لایێ ڕووبکەم شەیدایی باڵاتم (هیرانی، ٢٠١٥: ١٩٢)

قەد و باڵا جوانییەکی بەرچاو و بینراوە شاعیر لەم بەیتەدا خولیا و حەزی بۆ بینینی باڵای یارەکەی ئاشکرا دەکات کە لە قۆناغی نەوجەوانییەوە ئەو حەزەی هەبووە، لە دیوانەکەشدا ئاماژە بەوەکراوە کە سافی لەسەرەتای لاوێتیدا هۆنراوەی دڵداری نووسیوە ئەم غەزەلەش درێژەپێدەری ئەو عیشق و خولیایە بۆ باڵای یاری کە ڕەگەزی بەرانبەرە، دێڕەکانی دواتر تەواوی ئەوە دەسەلمێنێ. کە دەڵێت: ژیانی من لە عیشقی تۆ مەزانە غیرەتی خۆمە
سەبەب وابوو بە منداڵی لە دەردی عیشقی ڕاهاتم
هەر لە منداڵییەوە شەیدای جوانیی یارەکەی بووە، بۆیە بۆتە خەیاڵ و ئەندێشەی نووسینەکانی. لە بەیتێکی تردا دەڵێت:
دوور لە باڵای تۆ بینایم کوێرە هەڵنایێ بە ڕووی کەس
ڕۆژ و شەو بێدارە چاوم وا مەزانە نووستووە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٥٤)

باڵای یار بۆتە ڕووناکی و نوری بەردیدەی کە باڵای یاری لێ دیارنەبێ بینایی کوێرە و چاوەکانی کەسی دی نابینێ، شاعیر دەیەوێ هەموو دەم باڵای یاری لەبەرچاو بێت ولێی بڕوانێ، ئەم دوورییە وایلێکردووە شەو و ڕۆژ چاوی نەچێتە خەو. تەواوی ئەم غەزەلە بۆ عیشقی یارێکی

سەرزەمینی و یارێکی ڕەگەزی مێینە نووسراوە، هیچ ئاماژەیەک نییە بمانیاتەوە سەر ڕێچکەی عیرفانی.

**٢-٤-٢-خاڵ یان نوختە یان نوقطە:**

خاڵ لە دنیای سۆفیگەری و عیرفانیدا ئاماژە و ڕەمزێکی دیار و ناسراوە لەناو شیعری کلاسیکدا "بۆ کەعبەی پیرۆز بەکارهاتووە کە ماڵ و کونجێکی ئەزەلی و موقەدەسە بۆ وەفاداران و ئیمانداران، لە ڕەمزناسی سۆفیگەریدا بە تەجەلای(یک) دەناسرێتەوە". (مەلا، ٢٠١٣: ٤١) هەروەها "بۆ دانەی بیبەری تون بەکارهاتووە کە دەبێتە هۆی سووتانی دڵی عاشق، یان شوبهێنراوە بە ڕەشی دانەی بیبەر" (هیرانی، ٢٠١٥: ١٨٤) لە پاڵ ئەوەشدا یەکێکە لە جوانییە سەرنجڕاکێشەکانی ئافرەت. لە تەواوی شیعرەکانی سافی لە کۆی (١٧) جار ناوهێنانی (خاڵ و نوختە و نوقطە) بۆ یاری عیرفانی و بۆ یاری مەجازی بەکارهاتووە.

٢-٤-٢-١-خاڵ وەکو سیمبولی عیرفانی:

ئەم نوقطەیە خاڵە کە لەسەر عەینی جەماڵە
ئازاری دڵی زاری منی کردە هەزارە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٣١)

شاعیر هەرچەندە گەمەیەکی شیعری وەهای دروستکردووە لەنێوان واقیع و خەیاڵدا دێت و دەچێ، گرێدانێکی تۆکمەیی لە نێوان یاری عیرفانی و زەمینیدا دروستکردووە، وەلێ لە تەواوی ئەم غەزەلەدا کە خۆی وەک ڕەندێک پیشانداوە و داوا دەکات تانەی لێنەدەن دەستی لە دنیا هەڵگرتووە و خەریکی ئایینپەروەرییە جوانییەکانی یارەکەی دەنووسێتەوە. یەکێک لە جوانییانە باسی ئەو خاڵەیە لەسەر ڕووی جوانی یارە ئازاری دڵی شاعیر زیاتر دەکات.

**٢-٤-٢-٢-خاڵ وەکو خودی ئافرەت:**

وردە خاڵێ، ئێستێکەش نازی لەسەر پەروین دەکا

چاوی نازی دائیما بازی بە ئاهووی چین دەکا (هیرانی، ٢٠١٥: ١٦٣)

وردەخاڵی سەر ڕووی یار لە کۆمەڵە ئەستێرە دەچن، ئەمە هەستکردنە بە جوانییەکی بینراو و سەرنجڕاکێش شاعیر لە ڕامان و تەماشای ئەو ئەندامەی جەستەی ئافرەت ڕووی کردۆتە لێکچواندێکی ڕەوانبێژییانە، بەڵام ڕوون نییە ئەم ئافرەتە لە ژیانی شاعیردا بوونی هەبووە یان خەیاڵییە.

ڕووخاڵی ڕەونەقی لالە و وەنەوشەی ساندووە

لالە داغ و وا وەنەوشەش بویێ هەر ماتەم دەکا (هیرانی، ٢٠١٥: ١٧١)

لەم بەیتەدا شاعیر بە جۆرێک وەسفی خاڵەکانی سەر ڕووی یار دەکات کە ڕەونەق و جوانی لە لالە و وەنەوشە سەندووە، لالە دڵداغ بووە و وەنەوشەش شین و ماتەم دەگێڕێ لە داخ ئەوەی خاڵەکانی سەر ڕووی یار جوانتر و بەڕەونەقترن، لە تەواوی ئەم غەزەلە هەموو ئاماژەکان ڕوو لە ڕەگەزی مێ دەکەن.

**٢-٤-٣-چاو، دیدە:**

چاو توخمێکی ئیستاتیکایە لەناو ئەدەبیات بە گشتی و دنیای سۆفیگەریدا. چاو ڕووگەی جوانییە، هەرشتێ لە دڵدا جێگیر بێ سەرچاوەکەی چاوە، لە نێوان چاو و دڵ پەیوەندییەکی تۆکمە هەیە، هەرشتێ چاو قبوڵی بکات لەناو دڵدا جێگیر دەبێ، جگە لەوە چاو وەک ئاوێنە پیشاندەری وێنەی مرۆڤە، چاو هەڵگری چەندین دەلالەتی ترە لەناو ئەدەبیات دەشوبهێنرێ بە دەریا و ڕووبار و ئاسمان و خۆر و مانگ و زۆر شتی تر."تەماشاکردن ڕۆدەچێتە دڵ. دڵ کوانووی نهێنییەکانە هەر لەوێش چاو ڕووناکی وەردەگرێت" (مەلا، ٢٠١٣: ٣٢). یان

دەشـوبهێنرێ بە کاسـە و پیاڵەی شـەراب وەک لەم دێـڕەی مەحویـدا "پیاڵەی دیدە لەبڕێزە، دڵا تۆش بجۆشـە، سازی ناڵە هەم ببێ کۆک" (مەحوی، ١٣٨٧: ٢٣٣) لەنێو سەراپای شیعرەکانی سافی (٢١) جار باسی چاو یان دیدەی یار کراوە جگە لە باسکردنی چاوی خود.

**٢-٤-٣-١- چاو وەک سیمبولی عیرفانی:**

""چاوەکەم چاوم لەبۆ چاوی تۆ خوێن باری دەکا

وامنیش هەر لەحظە بۆ تۆ شین و واوەیلا دەکەم (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٠١)

شـاعیر بـۆ بینینـی چـاوی مەعشـوقەکەی گریـان و فوغـان و شـین و واوەیـلا دەکـات، ئەو مەعشـوقەی شـاعیر بـۆ بینینـی چاوەکـانی بە پەرۆشـەی(شـەهی بەغـدا)یە. لە خوێنـدنەوەی تەواوی غەزەلەکە ئەو ئاماژەیەمان بۆ دەردەکەوێ، شاعیر عومرێکی کەمی ماوە لە خواناسی و ئایینپەروەریدا تەرخانی دەکات، بۆ نوری عیشقی خودایی پێویستی بە دیـدەنی چـاوی یـار هەیە، لە چـاوی مەعشـوقدا عیشـقی خـودایی دەبینێتەوە.

دەمێ بێرە لامان بنۆڕە غولامان

بە چاوی باز بە غەمزە و ناز عەزیزم (هیرانی، ٢٠١٥: ٢١٦)

شاعیر داوادەکات یار بێتە لای کە مەبەست لە (شـاهی گەیلانە) لە کۆتـا دێڕی غەزەلەکە بەدەردەکەوێ و بە چاوی باز و بە غەمزەوە تەماشـای حاڵی غولامان بکا، بێ هۆ نییە شاعیر چاوی بازی بەکارهێناوە، چاوی باز چەندین ڕەهەندی جیاوازی هەیە لە نێو ئەدەبیاتدا. باز باڵندەیەکی گۆشـتخۆر و هەمـوو کـات بە دوای نێچیـردا وێـڵە، خـاوەنی چـاوێکی تیژبین و لەدوورییەکی زۆرەوە نێچیری خۆی دەبینێت جگە لەگەورەیی و جوانییەکەی.

طەعنی مەدە لەو هەستییە بەو مەستییە زاهید
بۆ ڕەندی یێ من کافییە ئەو چاوە خومارە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٣٠)

شاعیر داوا دەکات  کە تانەی لێنەدەن کاتێ  لە گۆشەی تەنهاییدا خەریکی ئایینپەروەرییە ونزای بینینی چاوی خوماری یار دەکات. چاوی خومار ئاماژەیە بۆ چاوی (شەهی گەیلانی) بینینی ئەو چاوە موڵک و سەروەتە بۆی و پێی کافییە.

**٢-٤-٣-٢ چاو وەک خودی ئافرەت:**

بەخەنجەر چارەیی دڵ ناکرێ وا
گرفتارە بە سیحری چاوی جادووت (هیرانی، ٢٠١٥: ١٨٣)

لە بەیتەدا ئەو پەیوەندییە دێتە ئاراوە  لە نێوان دڵ و چاودا هەیە. چاو دڵی گرفتار کردووە، چاوی یار ئاوێنەیەکی جادووییە و جادووی لە دڵی شاعیر کردووە و دڵی شاعیری گیرۆدە کردووە. سەراپای ئەم غەزەلە تایبەتە بە ڕەگەزی مێ هیچ ئاماژەیەک نامانباتەوە سەر عیرفانی.

وردەخاڵی ئێستەکەیش نازی لەسەر پەروین دەکا
چاوی بازی دائیما بازی بە ئاهووی چین دەکا (هیرانی، ٢٠١٥: ١٦٣)

چاوی باز بە چەندین تایبەتمەندی جوان و جیاوازەوە، هێشتا ئەم چاوە گاڵتە بە چاوی ئاسکی چین دەکات. چاوی باز بە تیژبینی و بەهێزی ونێچیرگر ناسراوە  بەڵام لە جوانیدا لە چاوی ئاسکی چین جوانترە ئەم لێکچواندنە شاعیر بۆ چاوی یارەکەی بەکاریهێناوە کە ئافرەتە.

لەو پەرچەمی شێواوی داوی دڵی داناوە
بەو غەمزەیی دوو چاوی کون کون جگەرێکم بوو (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٢٣)

نیگا و تەماشاکردنی یار وەکو تیر جگەری شاعیری کون کون کردووە، غەمــزەی چـاو لە بەهێــزی ومەترســیدا وەکــو چەکێکــی کوشــندە دەردەکەوێ.

**٢-٤-٤-لێو، لەب، زار، دەم، دەهان:**

کۆی ئەم زاراوانە لە شیعری سافیدا (١٤) جار هاتوون. لێو و دەم و زار هەڵگری چەندین دەلالەت و ئاماژەی جودا جودایە، گەنجینەیەکی پڕ لە گەوهەرە، مەحوی لە دێڕێدا دەڵێت: "لەبی ڕۆحی ڕەوان و نێوچەوانی ڕۆژی لێ دەتکێ/ زوبانی تا شەکەررێزە، دەهانی گەوهەر ئەفشانە) یار کـاتێ قســەدەکات زمـانی شــەکری لــێ دەتکــێ ودەمــی گەوهەر بـڵاو دەکـاتەوە. (مەحوی، ١٣٨٧: ٤٧٤) دەم شـانەی هەنگـوینە و شـیفای دەردە، یان بە پیاڵەی عەقیق دەشوبهێنرێ، دەم و لێو هەم وەک شکۆفەی گوڵ هەم وەک دوڕ و یاقوتە یان  وەک خونچە تەڕ و ناسک و بۆندارە. جیا لەم وەســفانە دەم و لێــو جێــی شــاردنەوەی ڕاز و نیــاز و پەنهــانییە، گەوهەری قسـە و عیشـق و مـوحیببەتە سـەرچاوەی هەمـوو قسـەیەک لە دەمەوە دێتە دەرەوە. زار گەیاندن و پەخشکردنی ئەوینی دڵ و ڕوحە.

**٢-٤-٤-١- لێو و زار وەک سیمبولی عیرفانی:**

بۆ قودرەتی حەق شاهیدە سەر مەشقی جەمالی

بۆ نووری خودا (ثابت)ە ئیعجازی دەهانی (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٩٤)

ئیعجازی دەهان مەبەست لە دەمی یارەکەیەتی، ئەو قسـە و گوفتـارانەی لەدەمی دێتە دەرەوە موعجزەن لە قسەی هـیچ کەس ناچێت و کەسـیش وەک یـاری مـن نـاتوانێ  بدوێ. چـونکە قسـەکانی قـابیلی گـۆڕان نییە و ثابتە کە مەبەست لە کلماتی قورئان و قسەی حەدیسـی پێغەمـبەرە(د.خ). لەناو ئەم غەزەلە چەندین ئاماژەی تری عیرفانی بەدیدەکرێ.

عەجائیب خاتەمێکە لەعلی لێوی یارەکەم بۆیێ

لە دەرگانەی سولەیمان ئاصەف ئاصەفە سولەیمانە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٣٨)

شاعیر لەعلی لێوی یارەکەی شوبهاندووە بە دوڕ و گەوهەرێکی بەقیمەت کە ئەنگوستیلەی حەزرەتی سولەیمانە، لێوی مەعشوق وەک ئەو خاتیمە بەقیمەت و بەنرخە جگە لە ڕەونەق و جوانی و درەوشاوەیی. تەواوی ئەم غەزەلە ئاماژەیە بۆ عیرفانییەت لە کۆتا دێڕدا دەڵێت:

دەلیل مەولا و ئەحمەد یاوەر و یار بازی گەیلانە

**٢-٤-٤-٢ لێو و زار وەک خودی ئافرەت:**

نوقطەی دەمی مەوهوومە ئەو حیکمەتە مەکتوومە

ئەغیار لەوە مەحروومە بەس من خەبەرێکم بوو (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٢٣)

لەم بەیتەدا شاعیر دەمی یار بە شتێکی خەیاڵی و بزر و نادیار دەبینێ لەبەر بچوکی بەڵام ئەوە بە حیکمەتێک دەزانێ کە تەنها خۆی لێی ئاگادارە ناحەزان بێئاگان لە ڕاستی ئەو نەقتەیە کە دەمی یارە.

لەعلی لێوی شاهیدە موڵکی دڵم خاصی ئەوە

حەقیە گەر بەو خاتەمە دەعوایی جامی جەم دەکا (هیرانی، ٢٠١٥: ١٧٠)

سووری و جوانی لێوی یار هێندە گران قیمەت و بەئەرزشە وەکو ئەنگوستیلەی حەزرەتی سولەیمان دەردەکەوێ بە شیاوی دەزانێ داوای جامی جەمشید بکات.

**٢-٤-٥- پەنجە، دەستی حەنایی:**

دەست و پەنجەی خەناوی لە ناو ئەدەبیات و بەتایبەت شیعر نیشانەی تاوانە یان ڕەنگی شەراب. "خوێن لە مەفهومی ئیسلامدا سنووری نێوان پاکی و پیسیش دیاریدەکات" (مەلا، ٢٠١٣: ٣٦). جگە

لەڕەنگاڵەیی نەخش ونیگار و جوانییەکەی کە شیعرەکانی خۆیانی پێ ئارایشت دەکەن، شاعیران بە دەست و پەنجەی خوێناوی وەسفی دەکەن بە تایبەت بۆ یارە بێوەفا و بێمەیلەکان. مەحوی لە دێڕێکدا دەڵێت:"هیلاکی دەستی حەنناییتە، کوشتەبێ دەمی تیغ/ ئەمن شکاریی پابەستە و ئەتۆ بادەست" (مەحوی، ١٣٨٧: ١٠٤) شاعیر خەنەی دەستی یار بە خوێنی خۆی دەزانێ شاعیر کوژراوی دەستی یارە ئەو خەنەیە شەهادەتە بۆ کوشتن. دەست و پەنجەی بەخەنە ئارایشتێکە تایبەتە بە ڕەگەزی مێ، هەرچەنە لە زەمەنی ڕابردوودا پیاوانیش بەکاریانهێناوە. لە نێو شیعرەکانی سافی(٥) جار ئەم زاراوەیە هاتووە.

**٢-٤-٥-١- دەست و پەنجەی حەنایی وەکو سیمبولی عیرفانی**

شرینە لەڕوو چینە کە خوێنینە هەموو دەم
بەو لێو و دەم و پەرچەم و بەو پەنجە نیگارە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٣١)

پەنجەی یار (یارێکی عیرفانییە) کە بە نەخش و نیگار ڕازاوەتەوەو ڕووی یاریش هەمیشە سوور و گەش و خوێنین دەرئەکەوێ، ئەوە خوێنی دڵی شاعیرە یار پەنجەی خۆی پێ نەخشاندووە. لە تەواوی ئەم غەزەلە چەندین ئاماژەی عیرفانی هەن.

**٢-٤-٥-٢- دەست و پەنجەی حەنایی وەکو خودی ئافرەت**

ڕۆژی عیدە عادەتە دەستی حەنایی کا مەگەر
سا کە وابێ دێ بە خوێنم پەنجەکەی ڕەنگین دەکا (هیرانی، ٢٠١٥: ١٦٣)

لە ڕۆژی جەژنا عادەتە ئافرەتان دەست و پەنجەیان خەناوی دەکەن، وە جەژن هێمای قوربانیدانە، شاعیر دەڵێت یارەکەی دێت ودەیکاتە

قوربانی بۆ ڕۆژی جەژن و بە خوێنی ئەم دەست و پەنجەی سوور و ڕەنگین دەکات.

لە تاوی چاوەکەی مەستت دوو چاوم پڕ لە خوێناوە
حەنایی پەنجەکەی دەستت بە خوێنم ڕەنگی هێناوە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٥٠)

لەم بەیتەشدا شاعیر ئاماژە بە دەست و پەنجەی یار دەکات کە بە خوێنی جەستەی ئەم دەست و پەنجەی ڕەنگین و حەنایی کردووە.

**٢-٤-٦- زوڵف، پرچ، پەرچەم، گێسوو، کاکۆڵ**

زوڵف و پەرچەم و ئەگریجە کۆمەڵێ تایبەتمەندی ناو ئەدەبیاتی هەڵگرتووە. بەدەر لە جوانی و ڕەونەق و درێژی شەپۆلی کە دەبێتە ئیستاتیکایەکی سەرنجڕاکێش، تایبەتمەندی ترسناکیشی هەیە. لە فەرهەنگی دیوانی شاعیراندا بە زوڵمەت و تاریکی شەو و ڕەشمار و دوکەڵ تەشبیهکراوە(نوری عارف، ٢٠٠٩: ٤٩٤-٤٩٥) هەروەها تەشبیهکراوە بە پەت و داو و زنجیر وکۆت و بەند. مەحوی لە دێڕێکدا دڵی خۆی شوبهاندووە بە نێچیر و زوڵفی یار زنجیر و پێوەندە دڵی شاعیریش نایەوێ ڕزگاری بێ و ئەسیری زوڵفی یاری قبوڵە." خەلاسی بوونی قەت ناوێ ئەسیری زوڵفی زنجیرت/ لەبەرتیرت، مەلەک بێ، هەڵفڕینی نەبووە نەخچیرت" (مەحوی، ١٣٨٧: ١٠٠)یان وەکو ڕەشمار وینەیەکی ترسناک پیشان دەدات بەتایبەت کە سەری زوڵف پێچ دەخوا لە شێوەی مار دەردەکەوێ. "زۆر جار سەری زوڵف لای شاعیران بە پیتی(چ) دەچوێنرێ لە شێوەی مار لول دەخوات بەدەوری قەدەری شاعیردا دەخولێتەوە" (مەلا، ٢٠١٣: ٣٧) لای شاعیران زوڵف و پرچ بۆتە ئافراندنی چەندین وێنەی شیعری بە تایبەت بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی ڕەوانبێژی. قژ کاتێک ڕوو دادەپۆشێ بەشەو تەشبیە دەکرێ، قژ شەوە

و ڕووی یار ڕۆژە. یان بە کوفر و ئیمان تەشبیە دەکرێ. زوڵف و ئەگریجە هەڵگری چەندین تایبەتمەندی فرەواتایی و ڕەهەندی زۆرە لە نێو شیعری کلاسیکدا. لە کۆی غەزەلەکانی سافی ئەم زاراوانە (٥٠) جار هاتوون بۆ یاری عیرفانی و بۆ یاری مەجازی لە هەر جێیەکدا بۆ واتا و مەبەستێک بەکارهاتوون.

### ٢-٤-٦-١- زوڵف وئەگریجە وەکو سیمبولی عیرفانی

ڕۆژ بە یادی ڕووی هەتا هێوارە هەر هاوارمە
شەو لە فیکری زوڵفی تا صوبحەینێ صوحبەت لەو دەکەم (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٠٣)

شاعیر زوڵفی یاری وەکو شەو دەبینێ بۆیە لە شەودا خەیاڵ و فکری لای زوڵفی یارەو هەر باس لە زوڵفی دەکات، بە جۆرێ تر شاعیر کەوتۆتە هاوار و فوغان کە بەهۆی زوڵفی یارەوە کە ڕووی داپۆشیوە ناتوانێ ڕووی یار ببینێ. لەم غەزەلەدا ئاماژەی عیرفانی بە تەواوی دیار و ئاشکرایە کە شاعیر خۆی وەکو خادیمی پیری موغان پیشان دەدات. کە شاعیریش شوێنکەوتەی تەریقەتێکە و هەر زیکری ناوی شاهەکەی دەکات.

بە یادی چاوەکانی بوو کە دڵ شەیدایی بۆ ڕوودا
لە قەیدی زوڵفەکانی وا ئەسیری حەپس و زیندانە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٣٧)

زوڵفی یار بۆتە قەید و پێبەند شاعیری پێ زیندان کردووە، شاعیر شەیدای بینینی ڕووی یارە بەڵام بەهۆی قەیدی زوڵفەکانی بۆتە ئەسیر. لە کۆتاییدا ئومێدی بە دەربازبوون هەیە لەبەر ڕەحمەتی خودا و پێغەمبەر(د.خ) و شێخی گەیلان کە دەڵێت: دەلیل مەولا و ئەحمەد یاوەر و بازی گەیلانە.

کە زوڵفی عاریضی داگرت و ڕۆژی ڕوونی کردە ئاوە
عەجەب سیڕڕێکە لەم کوفرە کە ئیمانی لەنێو داوە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٣٩)

ئەم بەیتە ئاماژەیە بۆ پێغەمبەری خودا لە ماناکردنەوەی تەواوی بەیتەکانی تری بەدەر دەکەوێ. زوڵفی یار وەکو کوفرە و ڕووی یار ئیمانە، کوفر ئیمانی داپۆشیوە، یان ڕووی یار خۆرە و زوڵفی یار وەکو شەو خۆری ئاواکردووە.

**٢-٤-٦-٢- زوڵف و ئەگریجەوەکو خودی ئافرەت**

بۆچی نەگری دڵ لەسەر ئەم شێوە پەشێوە
وا حەپسە لە نێو چینی چەمی پەرچەمی چەمدا (هیرانی، ٢٠١٥: ١٦٢)
ڕێی موسوڵمانی لە نێشت پەرچەم و ئەگریجەکەی
بۆیێ ئێستێ وا بەیادی زوڵفی زیننارى دەکا (هیرانی، ١٧٧:٢٠١٥)
نییە ئیحتیاجی پابەندیم بەقوربان
کە گیراوم بە داوی تاری گێسووت (هیرانی، ١٨١:٢٠١٥)
دەمێکە بەندی چینی پەرچەم و پێچاوی کاکۆڵم
بە دائیم زار و خەستە و دەست بەستەی زوڵفی تاتاتم (هیرانی، ٢٠١٥: ١٩٣)

تەواوی ماناکردنەوەی ئەم بەیتانە دەلالەت لە بەندو ئەسیری شاعیر دەکەن بە هۆی زوڵف و پەرچەم وگێسوو و کاکۆڵی یار شاعیر حەپس وزیندانە.

**٢-٤-٧- ئەبرۆ، برۆ، موژە، موژگان**

ئەمانە لەگەڵ چاودا تەواوکەری یەکترن زۆر جار لە ناو شیعردا بەیەکەوە ناویان دێت، هەندێ جاریش بەتەنها، ئەم ئەندامانەش تایبەتمەندی چاک و خراپی هەیە لای شاعیران بۆ وەسفی جوانی و بۆ

خەتەرناکی ناویان دێت. ئەبرۆ و موژە بە تیر و خەنجەر و چەقۆو قولاب دەشوبهێنرێن. مەحوی لە دێڕێکدا موژەی بە قولابێک تەوسیف کردووە کە هەرشتێ بگرێ ڕزگاربوونی مەحاڵە. دەڵێت: موژەت قولابی گیرا، زوڵفی دڵگیرت کەمەند ئاسا/ مەحاڵە بەرگرێ یا بەرببێ کەس کەوتە بەرگیرت" (مەحوی، ١٣٨٧: ١٠٠) یان بە کەوان و مانگی هیلال،"مانگی هیلال سەرەرای جوانییەکەی مژدەهێنەری ڕۆژی جەژنە یان وەکو میحراب تەوسیف دەکرێ. میحراب شوێنی پێش نوێژییە بەرەو قیبلە". (مەلا، ٢٠١٣: ٣٥) شاعیران بەم ئاماژە وتەسیفانە شیعرەکانیان دەوڵەمەند دەکەن. لەکۆی غەزەلەکانی سافی (١٣) جار ئەم زاراوانە بەکارهاتوون.

**٢-٤-٧-١- ئەبرۆ و موژە وەکو سیمبولی عیرفانی**

مەیلی من هەر مەستی و ڕەندی و شاهیدبازییە

وا لەبەر میحرابی ئەبرۆت طاعەت و تەقوا دەکەم (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٠١)

ئەم بەیتە شیعرە مەبەست لە شێخی گەیلانییە، شاعیر لەبەردەم میحرابی ئەبرۆی مەعشوق خەریکی خواپەرستی و دینداریيە.

لە دوولا کوژراوم سەراپا سووتاوم

بەناری ڕووت بە دوو ئەبرووت عەزیزم (هیرانی، ٢٠١٥: ٢١٦)

شاعیر کوژراوە بە ئاگری ڕووی یار و دوو ئەبرۆی یار، دوو ئەبرۆی یاری وەکو دوو تیغ و چەکی کوشندە پیشانداوە.

**٢-٤-٧-٢- ئەبرۆ و موژە وەکو خودی ئافرەت**

گوڵناری ڕوخت ڕەشکی بە گوڵزاری ئیرەمدا

دوو طاقی برۆت طەعنی لە میحڕابی حەڕەمدا (هیرانی، ٢٠١٥: ١٦٠)

دوو ئەبرۆی یار لە جوانی و کەوانەیی تانەی لە میحرابی حەرەم داوە.

دولبەری ناز پەروەری ڕوو ئەنوەری مەهپارەکەم
نەونیهال ئەبرۆ هیلال شیرین جەمال نازدارەکەم (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٠٥)

شاعیر ئەبرۆی یاری شوبهاندووە بە هیلال کە مانگی یەک شەوەیە ئاماژە بە سەرەتای مانگی نوێ یان مژدەهێنەری ڕۆژی جەژن.

عالەم چ دەزانێ کە ئەمن کوشتەیی کێمە
لەو تیری موژەت ظاهیرە دائیم کە بە خوێنە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٤٣)

موژەی یار وەکو تیر وایە هەموو کات بە خوێنەوە دەبینرێ ئەوە منی کردۆتە نێچیر و برینداری ئەوم با خەڵکی بە خوێنی سەری موژەیدا بزانن کە من کوژراوی تیری موژەی یارم.

**٢-٤-٨-سینە، باغ**

سینە لای شاعیران تایبەتمەندی گرنگ و ئیستاتیکای هەیە، سینە بەهۆی تایبەتمەندێتی بوونی جووت مەمک تایبەتە بە ڕەگەزی مێ، سنگ و مەمکی ئافرەت جۆرەها شوبهاندنی باخی سێو و میوەی بۆ کراوە یان وەکو باخی گوڵ و گوڵزاری بۆنخۆش تەوسیفکراوە. مەحوی لە دێڕێکدا ئەو شوبهاندەی دروست کردووە، دەڵێت: "لە باغی سێو و بەی دا باسی ڕوخسار و چەنەی کەی بوو/ خەجەڵ ما سێو و بەی ترسا، کەوا ئەو سووورە ئەم زەردە" (مەحوی، ١٣٨٧: ٣١٥) هەروا وەکو شتی نەرم و ساف و بێگەرد باسدەکرێ. یان بەناوی باغی ئیرەم ناودەبرێ کە جوانترین باغی بەهەشتە. لە شیعرەکانی سافیدا (٤) جار ناوی باغ هاتووە کە مەبەست لە سنگ و سینە بێت.

**٢-٤-٨-١- سینە و باغ وەکو سیمبولی عیرفانی**

قەدی شەنگ و شۆخ ئەگەر بێ سەرووی بوستانی توە
باغی سێو و خۆخ ئەگەر بێ نەوگوڵستانی توە (هیرانی، ٢٠١٥: ٢٧٢)

شـاعیر لەم بەیـتەدا ڕووو دەکـاتە پێغەمـبەری خـودا  وەسـفی جـوانی و نازداری قەد و باڵای دەکات کە وەکو بێسـتانێکە وەهـایە. بـاغی سـێو و خۆخ  مەبەست لە سینگ و سینەی مەعشـوقە حەقیقیەکەیەتی کە وەک گوڵستانێکی بۆنخۆش وەهایە.

**٢-٤-٨-٢ سینە و باغ وەکو خودی ئافرەت**

بەو فیکرە لە باغی سەمەن و سونبول و سێوی
 وەک بولبولی بێچارە غەزەلخوانە دڵی من (هیرانی، ٢٠١٥: ٣٢٠)

شـاعیر فکـر و خەیـاڵی لای بـاغێکە پڕە لە سـەمەن و سـونبول و سـێو، سەمەن گوڵی یاسەمینە و ڕەنگی زەردە، سونبول گیایەکی بۆنخۆشە بۆ دەرمان سـوودی لێوەردەگیرێ، دڵـی شـاعیریش بولبـولێکی بێچـارەیە و بۆتە غەزەلخوانی ئەو باغە  کە مەمک و سینەی یارەکەیەتی کە یـارێکی مەجازییە و مەبەست  لە ڕەگەزی مێیە.

## ئەنجام

١-سـافی کە شـاعیرێکی سـۆفیگەرە و پەیـڕەوی تەریقەتـی  شـێخ عەبـدولقادری گەیلانی کردووە ئایین و تەریقەتی تێکەڵ  بە ئەدەبیات کردووە.

٢-بەشـێک لە شـیعرەکانی بە ئاشـکرا دیـارن لە عشـقی عیرفـانییەوە نووسـراون، بەتـایبەتی ئەوانەی ڕەمـزی بـاو و ئاشـکرای تێـدا بەکارهێنـاوە. بەشـێکی دیـکەی شیعرەکانی لە عیشقی مەجازییەوە نووسراون، بەتایبەتی ئەو نموونە شیعرییانەی ئاماژەی پەتیی بۆ جەستەی ژن دەکەن بە بێ هـیچ ئامـاژەیەکی لایەنـی عیرفانی، وە هەنـــدێک لە شـــیعرەکانی دوولایەنە و هەردوو مانـــا دەگـــرێتەوە. لەو ڕووەوە تێکێڵاوییەک بەدیدەکرێ  لە نێوان ئەو دوو عیشقە.

٣-شاعیر لە زۆرینەی غەزەلەکانیدا گلەیی و گازەندە دەکات لە دەست دووری یار، هاوار و فوغانی بۆتە بابەتێکی سەرەکی غەزەلەکانی، ئەم یارە بە گشتی یارێکی مەجازییە. لە هەمانکاتیشدا وەکوو خوازە واتای یارێکی حەقیقیش دەگەیەنێت.
٤-ئەو شیعرانەی سافی کە دەلالەت لە یاری مەجازی دەکەن یارێکی دیار و نادیارە. دەشێ یارێکی خەیاڵی بێ یان دروستکراوی ناو ئەدەبیات و شیعر بێت، یان یارێ کە لە ژیانی شاعیردا وجودی هەیە و نایەوێ بە ئاشکرا ناوی بهێنێت و باسی بکات.
٥-سافی بە بەراورد بە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی ئاوڕی لە پێگە و ئازادی و خوێندەواری ئافرەت نەداوەتەوە. لە کاتێکدا سیاسەت و فەرهەنگی نەتەوەی کورد لە ڕۆژگاری گۆڕانکاریدابوو، زۆرێک لە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانە و دۆستانە بوون، ئاوڕیان لە ژیانی ئافرەتی کورد دایەوە بە شیعرەکانیان هانی کۆمەڵگە و ئافرەتانیان داوە بۆ خوێندن و فێربوون و هاوخەبات و هاوشانی پیاوان تێبکۆشن.
٦-لەگەڵ ئەوەی شاعیر هاوبیروبۆچوونی شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی نەبووە سەبارەت بە پرسی ژن بەڵام دژی بیرو بۆچوون و هاندانیشیان نەبووە.
٧-شاعیر بە هیچ جۆرێک سووکایەتیی بە ئافرەت نەکردووە و بە چاوێکی کەم و بیرکردنەوەی نەرێنی لە ئافرەتی نەڕوانیوە. لەکاتێکدا (ناری) شاعیری هاوعەسری ئەو، لە بەشێک لە شیعرەکانی بە چاوێکی کۆنەپەرستی و بە دیدێکی نەرێنی لە ڕەگەزی مێی ڕوانیوە.
٨-ئەوەی لە شیعرەکانی سافی هیرانی دەستمان کەوتبێ سەبارەت بە ئافرەت تەنها و تەنها ناوهێنانی ئەندامەکانی جەستەی مێیینەیە وەکو جوانییەک یان وەک بابەتێکی ترسناک بۆ سەر دڵ و دەروونی عاشقانەی شاعیر، کە ئەم بەکارهێنانە نەریتێکی باوە لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیک.
٩- شاعیر جوانیی ئەندامەکانی جەستەی مێیینەی خستۆتەپاڵ یاری حەقیقی و یاری مەجازیش.
١٠-گرنیگدان بە جوانییەکانی جەستەی ژن گرنگیدان و بایەخە بەو ڕەگەزە. بەڵام شوێنکەوتەیی تەریقەت و هزری سۆفیگەری لەوە زیاتر ڕێی نەداوە لە پرسی ژن قوڵبێتەوە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان

١- ئاغابەیگی، فەرامەرز. (٢٠١٣). کورد لە سەفەرنامەکاندا کوردەکانی ئێران لە سەردەمی سەفەوییەوە تا کۆتایی پەهلەوی. هەولێر: خانەی موکریان
٢- ئەحمەد، کەمال مەزهەر. (١٩٨١). ئافرەت لە مێژوودا کورتەباسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی. بەغداد: الحوادث.
٣- بابایی، پرشنگی. (٢٠٠٥). باری کۆمەڵایەتی ئافرەت لە ڕۆژگارە دێرینەکاندا (ئەزموونێک بۆ ئافرەتانی ئەمڕۆ). و: وریا قانع. سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم.
٤- بایەزیدی، مەلا مەحمود. (٢٠٠٧). عادات و ڕسوماتنامەئێ ئەکرادیە. دهۆک: سپیرێز.
٥- بەدلیسی، میرشەرەفخان. (٢٠٠٦). شەرەفنامە. و: مامۆستا هەژار. هەولێر: ئاراس.
٦- بۆرەکەیی، صدیق صفی زادە. (١٣٧٠). مێژووی وێژەی کوردی. بەرگی دووەم. بانە-کردستان: چاپخانە چهر تبریز.
٧- بێخود، مەلا مەحموود. (١٣٨٦). دیوانی بێخود. کۆکردنەوە و ڕێکخستنی محەمەدی مەلا کەریم. سنە: انتشارات کوردستان.
٨- پیربال، فەرهاد. (٢٠٢١) مێژووی ژن لە کوردستان. سلێمانی: مایا.
٩- پیرەمێرد، حاجی تۆفیق. (٢٠٠٥). دیوانی پیرەمێرد. وەرگێڕانی بۆ لاتینی نەوزاد هیرۆرێ. سوید: نەفەل.
١٠- پیرەمێرد، حاجی تۆفیق..(٢٠٠٧). دیوانی پیرەمێرد. کۆکردنەوەی محەمەد رەسول هاوار. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.
١١- پێنجوێنی، موفتی. (٢٠١٨). دیوانی موفتی پێنجوێنی. ساغکردنەوەی ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی. مەهاباد: چاپەمەنی مانگ.
١٢- خادیم. (١٩٨١). دیوانی خادیم. ئامادە و ساغکردنەوەی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین. بەرگی دووەم. بەغداد: دار الحریة.
١٣- خەزنەدار، مارف. (٢٠٠٥). مێژووی ئەدەبی کوردی مێژووی ئەدەبی کوردییە لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ١٩١٤-١٩٤٥. ب٥. هەولێر: ئاراس.
١٤- زێوەر، بەختیار. (٢٠٠٨). دیوانی بەختیار زێوەر. کۆکردنەوەی مەحمود زێوەر. چاپی دووەم. هەولێر: ئاراس.

١٥- سـەید ئەمـین، عەدنـان. (٢٠٢٠). ئـافرەت لە هـزری سـۆفیگەریدا (تـوێژینەوە). سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کورستان بۆ توێژینەوە.
١٦- شوان، د.ئیبراهیم ئەحمەد. (٢٠٠١). سۆفیگەری شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
١٧- کـۆیی، حـاجی قـادر. (٢٠٠٧). دیـوانی حـاجی قـادری کـۆیی. لێکـۆڵینەوە و لێکـدانەوەی سـەردار حەمیـد میـران و کەریـم مسـتەفا شـارەزا. سـنە: انتشـارات کردستان.
١٨- ناری، کاکە حەمەی بێلوو. (١٣٨٣). دیوانی نـاری. کۆکرنەوە و سـاغکردنەوەی کاکەی فەلاح. سنە: انتشارات کردستان.
١٩- نـووری عـارف، د.مـحەمەد(٢٠٠٩). فەرهەنگـی دیـوانی شـاعیران"نالی. سـالم. کوردی" چاپی دووەم. هەولێر.
٢٠- مەحوی. (١٣٨٧)دیوانی مەحوی. لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و موحەمەدی مەلا کەریم. چاپی سێیەم. سنە: انتشارات کوردستان.
٢١- مەلا، د. ئەحـــمەد(٢٠١٣). مەحـــوی لە نێـــوان زاهیـــرییەت و بـــاتینییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشوقدا. چاپی دووەم. هەولێر.
٢٢- هەنسـن، هێنـی هەڕۆڵـد. (١٩٨٠). کچـانی کـورد گەشـتێک لەنـاو ئافرەتـانی موسـوڵمان. وەرگێڕانـی نـاجی عەبباس ئەحـمەد. بەغـداد: کـۆڕی زانیـاریی عێـراق دەستەی کورد.
٢٣- هیرانـی، سـافی. (٢٠١٥). دیـوانی صـافی هیرانـی. لێکـۆڵینەوە و سـاغکردنەوەی محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی. چاپی دووەم. هەولێر: لوبنان.

**سەرچاوەی فارسی**

٢٤- بهمنی، یدالله و علی شربتی. (١٣٩٠). جایگاه زن در عرفان و تصوف اسلامی (با تکیه بر اثار سنایی، عطار و جامی). منبع زن و فرهنگ.
٢٥- سـلیمی، هاشـم و ثریـا کهریـزی. (١٣٨٧). ژانه ژیـن لالایـی هـای مـادران کـرد. تهران: آنا.

**سەرچاوەی عەرەبی**

٢٦- براضة، نزهة. (٢٠٠٨). الانوثة في فكر ابن عربي. بيروت: دار الساقي.

## الملخص

### المرأة في أشعار صافي هيراني الكردية

يُعدُّ الأدب بأغراضه المختلفة –و الشعر على وجه الخصوص– مساحة واسعة للتعبير عن رؤية الكاتب ومعرفته و تفاعله مع كل موضوع له علاقة بحياة الانسان. ففي تاريخ الشعر –بما في ذلك الشعر الكُردي– نالت المراة بصورة عامة مكانة كبيرة في النصوص الشعرية الممتدة من اقصى النصوص الشعرية القديمة (الكلاسيكية) وصولا الى الشعر الحديث. وهذه المنزلة التي نالتها المرأة في الشعر إنْ هي الا تعبير للخطاب الذي يحمله الشاعر والنابع من كيفية نظرته للمراة. و يعتبر الشعر الكردي وخصوصا الشعر الكلاسيكي هو أحد ادوات البحث المهمة للحصول على معلومات حول مكانة المراة من منظار الشعراء الذين يكونون في اغلب الاحوال منتمين الى الطبقة التي تُوالي الاوساط الدينية و السياسية، فهم يمثلون الخطاب الديني و السياسي والاجتماعي، فهم المدونون لأحداث عصرهم و رؤاه و اتجاهات المجتمع الفكرية و الدينية والاجتماعية و السياسية.

و لمعرفة هذه النظرة بجانبيها الايجابي والسلبي والتي هي امتداد للنظرة التقليدية السائدة في المجتمع، ومعرفة الذي حاد عن هذه النظرة مستوى ابتعاده عنها.

و قد حاولنا في هذه الدراسة ان نعرض نظرة الشاعر صافي هيراني (١٨٧٣_ ١٩٤٢) حول المراة

و يعتبر هيراني من شعراء الجيل الثالث من المدرسة البابانية. ولكون مرحلة حياة الشاعر تقع في فترة التغيرات السياسية والثقافية لكردستان والمنطقة و وصول موجة جديدة من الفكر الغربي وخصوصا المسائل المتعلقة بالمراة مما قاد بعض الشعراء ان يجعل من قضية المراة محورا رئيساً لاشعارهم و أن ينادوا بحرية المراة وحقوقها و في مقدمتها حق الفتيات في التعليم وكذلك مشاركة المراة في الانشطة الحياتية والفكرية. إذ ان معرفة نظرة صافي هيراني في هذه المسألة أمر مهم لكونه شاعراً بارزاً وشخصية دينية ذات نزعة صوفية و قد كان لوجود المرأة وقضيتها في شعره وكيفية انعكاس هذا الوجود على نوع الخطاب الذي كان يحمله هيراني اذا ما قورن بالشعراء المعاصرين له.


كلمات المفتاحية/ الشعر الكردي، المراة، فكرة التصوف، صافي هيراني

# Women in Safi Hirani's Kurdish Poems


## Abstract

Literature، especially the genre of poetry، is a wide space for reflection and shaping the author's views and knowledge on any subject related to human beings. In general، in the history of poetry، including Kurdish poetry، women have a broad position in texts ranging from classical to contemporary poetry. This attitude carries the poet's discourse that stems from his attitude towards women. Therefore، Kurdish poetry، especially classical poetry، is one of the most important research tools to obtain some data on the position of women from the perspective of poets who often belonged to the religious middle class and represented religious discourse. To what extent has this view، with its positive and negative aspects، continued or deviated from the traditional view of society? In this paper، we have tried to discuss the views of Safi Hirani (1873-1942)، one of the third-generation poets of the Baban school، about women. Because the poet's life is in a period of political and cultural change in Kurdistan and the region and the arrival of a new wave of Western thought، especially issues related to women، made some Kurdish poets make women's issues one of their main topics. Therefore، the view of Safi Hirani as a prominent poet and religious figure with a Sufi spirit is important in this issue. How is the existence and issue of women reflected in her poems and what kind of discourse did he has compared to his contemporaries.


Idea of Sufism and Safi Hirani، women،Keywords: Kurdish poetry